تەمموز **2007** | خول **19**.ژمارە (**E**(**2**

# کەوتنەبەر گێژەلول

## ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی مافە یاساییەکان لەلایەن ئاسایشی کوردەوە.

بەکورتی ........................................................................ 1
پێشنیارە سەرەکییەکان ................................................................ 7
شێوازی ئامادەکردن ...................................................................... 9
باکگراوند (زانیاری پێشینە) ............................................................ 15
چوارچێوەی یاسایی ....................................................................... 19
هێزەکانی ئاسایشی کورد ................................................................ 28
ئاسایش و پێشێلکردنی پرۆسەی یاسایی ............................................ 34
بانگەشەی تیوەگلانی ئەمریکا لەگواستنەوەی دەستگیرکراوان بۆ گرتوخانەی ئاسایش ....... 41
ئەشکەنجەدان,خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندان و خراپی بارودۆخی ناو زیندان ................ 47
نەبونی لێپێچینەوە بۆ ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن ........................................ 51
رێگرتن لەسەردانەکانی کەسوکار ........................................................ 55

هیوای باشبوون ........................................................ 57

پێشنیارەکان................................................................. 61
بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ................................................. 61
دەربارەی دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و زیندانیکردن................................. 61
دەربارەی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن........................................ 62
دەربارەی دەسترەسی زیاترو رونیی (شەفافیەت)..................................... 63
دەبارەی پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان...................................... 63
بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی هێزی فرەنەتەوە............ 64
بۆ کۆمەڵگا کۆکەک بەخشە نێودەوڵەتییەکان ........................................ 65

سوپاس و پیزانین ........................................................ 66

پەراوێز ............................................................... 68

# بەکورتی

*"دەستیان بەستم و بە کێبڵ ودار لێیاندام و بە بۆکس کەوتنە گیانم.دوو کەس بوون.ناویان نازانم.من لەهۆش خۆم چوم و دواتر لەزیندانی تاکەکەسی خەبەرم بویەوە.پاشان ئەفسەرێک کاغەزو قەڵەمێکی دایە دەستم و پێموترا دانپیانانەکەم بنوسم.ئەفسەرەکە پێی وتم: دانپیانانێک هەڵبەستە ئەگەر پێویست دەکات.بۆیە منیش وامکردو پەنجەمۆرم کرد."*

هێزەکانی ئاسایش کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەستبەکارن و سەربە هەردوو پارتی دەسەلاّتداری ناوچەکەن، لە دەرەوەی دەسەلاّتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمن. ئاسایش سەدان کەسی خستووەتە زیندانەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە تۆمەتی تیرۆریان دراوتەپاڵ، بەبێ چوون بە پرۆسەی یاساییداو لە هەندێ حاڵەتدا بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ. زیندانییەکان باسیان لەوە کردووە کە ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن لەسەرەتای دەستگیرکردنیاندا شتێکی رۆتین و باو بووە لە دەزگاکانی سەربە ئاسایشدا.

ئەم راپۆرتە نیگەرانییەکانی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤە سەبارەت بە مافە یاساییەکانی زیندانیان و بارودۆخی ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی ئاسایشدان. ئەم راپۆرتە دەرەنجامی چەندین بەدواداچونە کە لە کوردستان ئەنجامدراون لە مانگی نیسانی 2006 بۆ مانگی تشرینی یەکەمی (مانگی دە)ی هەمان ساڵ. لەو ماوەیەدا گفتوگۆی بەردەواممان سازدا لەگەڵ بەرپرسانی کورددا کە هەندێ هەنگاویان هەڵهێنا بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانمان. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەولاّنە نەبوونەتە هۆی باشبوونێکی ئەوتۆ بۆ زۆرێک لە دەسگیرکراوانی ناو دەزگاکانی ئاسایش.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو پارتی سەرەکین لەهەرێمی کوردستان و دەسەلاتی بالایان بەسەر گۆرەپانی سیاسیدا هەیە. هەر یەکەیان دەزگای ئاسایشی خۆی هەیە.1 ئاسایش لێپرسراویێتی سەرەکی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە گومانی پێشێلکردنی ئاسایشی ناوچەکەیان لێدەکرێت. لەم سالانەی دوایشدا، بۆ ئەو کەسانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت ئەندامبن یان پەیوەندیان هەبێت بەوگروپە چەکدارە نەیارانەی کە لە کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقدا چالاکییان هەیە.

زیندانیکراوەکانی ئاسایش بریتین لە ئەو کەسانەی کە دەسەلاتدارانی کورد دەستگیریان کردوون لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتیان، هەروەها دەیان هەلمەتی دەستگیرکردن لە ناوچانەکانی دیکەش ئەنجامدراون بە هاوکاری هێزەکانی ئەمەریکاو سوپای عێراق، دواتر گواستراونەتەوە بۆ زیندانەکانی ژێر دەسەلاتدارانی کوردستان. هەروەها ئاسایش گومانلێکراوی تاوانکاریی دیکە دەستگیردەکات و تا کاتی دادگاییکردنیان دەهێلرێنەوە.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە لە زۆربەی حالەتدا، دەسەلاتدارانی کورد تۆمەتی ئاشکرایان ئاراستەی دەستگیرکراوەکان نەکردووە، کە رێگەیان پێبدات بۆ بەدەستهێنانی پارێزەر، ئامادەبوون لەبەردەم دادوەری لێکۆلینەوەو دابینکردنی میکانیزمێک کە ببێتەهۆی چاوپیاخشاندنەوە بە حالتەکانیاندا، یان لە ماویەکی گونجاودا ببرێنە دادگا.لەنێو دەستگیرکراوەکاندا کەسانێک هەن کە تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە، وەک کوشتنی بەئەنقەست (عمد). رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەک حالەتی بینی کە دادگا بریاری بێتاوانی دەستگیرکراوی داوە ، بەلام هێشتا لە زینداندا ماونەتەوە، یان زیندانیکراوەکە ماوەی یاسایی حوکمەکەی لە زینداندا

تەواوكردووە بەڵام هێشتا ئازادنەكراوە. زۆرێک لە دەستگیرکراوان ئاگادار نەبوون کە باری یاساییان چۆنە، یان ماوەی چەند دەستبەسەرئەکرێن، یان چییان بەسەردێت.

زیندانیان باسیان لە کۆمەڵێک پێشێلکاری کرد، لەوانە لێدان بە کێبڵ و سۆندەو شوڵی دارو (بۆری یان شیشی) ئاسن. هەروەها باسیان لەوەشکرد کە چۆن کارمەندانی ئاسایش تەنگەتاویان کردوون بۆ ماوەی دوورودرێژ و دەست و چاویان بۆ ماوەی چەند رۆژێک بەستوون. زۆربەی زۆری ئەو زیندانیانەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵیان دوا, باسیان لەوەکرد کە لە زیندانی تاکەکەسیدا (انفرادی) بۆ ماوەی جیاجیا هێڵراونەتەوە. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا نەبێت، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بارودۆخی گرتووخانەکانی دەزگاکانی ئاسایش زیاد لە پێویست زیندانیکراویان تێدایەو مەرجی تەندروستیشیان نییەو ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیکراوەکان سکالای ئەوەیانکرد کە تەنها بۆ چوون بۆ تەوالێت رێگەیان پێدەدرێت لە زیندان بچنە دەرەوە.

هەروەها دەیان زیندانیکراو سکالای ئەوەیانکرد کە دەسەلاتداران رێگەنادەن کەسوکاریان ببینن و لە هەندێ حاڵەتیشدا کەسوکاریان ئاگاداری شوێنی زیندانیکراوەکان نین. بەتایبەتی، ئەم حاڵەتە لە سەرەتای دەستگیرکردنیاندا رووئەدات، کە تیایدا بە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا دەچن. ئەوانی دیکە، زۆربەی گومان لێکراوانی تیرۆر، سکالای ئەوەیانکرد، کە ئەگەر رێگەی سەردانکردنیان پێدرابێت، ئەوا ماوەی چەند دەقیقەیەکی خایاندوەو هەمیشە کارمەندێکی گرتووخانەکە چاودێری سەردانەکەی کردووە.

به خراپ مامەڵەکردن و نکولیکردن و ڕێگەنەدان بە مافی پرۆسەی یاسایی بۆ زیندانیان، دەسەڵاتدارانی کوردستان یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و یاسای عێراقییان پێشێلکردووە. عێراق ئەندامی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، و چەندین پەیماننامەی دیکەیە کە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانەو خراپ رەفتارکردن و سزادان قەدەغە دەکەن. هەروەها ماف ئەدەن بە زیندانیان بە پرۆسەی یاساییدا بچن، لەوانە مافی ئاگاداربوون لەو تۆمەتانەی دەخرێتە پاڵیان لە کاتی دەستگیرکردندا. یاسای عێراقی ئیجرائاتی تاوانباری، کە بۆ هەموو کەسێکە لە عێراقداو لەنێوانیاندا هاوڵاتیانی کوردستان، پارێزگاری لە بەرامبەر رەشبگیری و زیندانیکردندا دابیندەکات، وەک پێویستی ئامادەبوونی گومانلێکراو لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا لە ماوەی 24 کاتژمێردا. ئەو چاککاریانەی کە لەم یاسایەدا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە ئەنجامدراون، پارێزگاری زیاتر بۆ زیندانیان فەراهەم دەکات، لەوانە مافی بەشداری راوێژکاری یاسایی لەکاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا، یان دیاریکردنی راوێژکاری یاسایی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا.

لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بەدواداچونی دەکرد بۆ ئادەکردنی ئەم راپۆرتە، گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورددا ئەنجامدا، بۆیە ئەو هاوکارییانە بەرز هەڵدەسەنگێنێت کە لەلایەن بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆی دابینکرا. لە کاتێکدا کە هەر دوو ئیدارەکە لە مانگی تەمووزی 2006دا یەککیانگرت، بەڵام هێشتا گرتووخانەی جیا بەڕێوە دەبەن. دەسەڵاتدارانی کوردستان لە هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێگەیان دا بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سەردانی هەموو گرتووخانەکانی ئاسایش بکات و هەروەها ڕێگەیان دا سەردانی کتوپڕ بکات لەو کاتانەدا کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دیاریدەکرد.جگە لەو زیندانیانەی کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدابوون یان ئەوانەی کە لە زیندانی تاکە کەسیدابوون. ڕێکخراوی چاودێری

مافەکانی مرۆڤ هاوکاری تەواوی لە لایەن بەرپرسانی گرتووخانەکانەوە ئاراستەکرا بۆ چاوپێکەوتنی هەر زیندانییەک لەو گرتووخانانەدا بە مەرجی نهێنی بوونی چاوپێکەوتنەکان. هەروەها دەسەڵاتدارانی کورد ئاسانکارییان بۆ ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کرد تا چاوی بە بەرپرسانی ئاسایش، بەڕێوەبەرانی گرتووخانەکان، ڕاوێژکاری یاسایی و کەسانی دیکەی پەیوەندیدار بکەوێت. ئەم هاوکارییانە پێچەوانەی ئەو شێوازانە بوو کە وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری عێراقی و هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا لە عێراقدا بەکاریدەهێنن، کە لە نیسانی 2003وە بەردەوام داواکارییەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان بۆ سەرانکردنی گرتووخانەکانیان ڕەتکردوەتەوە.

هەروەها ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ وەڵامدانەوەی جدی دەسەڵاتدارنی کورد بەرز هەڵدەسەنگێنێت بەرامبەر بەو نیگەرانیانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا ڕەنگیانداوەتەوە.لەوەڵامەکاندا ئاماژە بۆ چارەسەرکردنیان دەکرێت. لەنێوان نیسان و تشرینی یەکەمدا دەسەڵاتدارانی کوردستان ژمارەیەک هەنگاوی بەرجەستەیان هەڵهێنا بۆ جێبەجێکردنی، بە لایەنی کەمەوە، هەندێ لەو پێشنیارانەی لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤەوە ئاراستەکران. بەرپرسانی ئاسایش ڕێگەیاندا بە چاوخشاندنەوە بە بەشێک لە کەیسی زیندانیکراوەکاندا، خێراکردنی ئازادکردنی چەند سەد زیندانیکراوێک، زۆرینەیانیان دەستگیرکرابوون بە بێ چوون بە پرۆسەی یاساییدا. لە کۆتایی مانگی ئەیلول و سەرەتای تشرینی یەکەمدا، سەرۆک مەسعود بارزانی، کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە مانگی ئایاری 2006دا نیگەرانییەکانی ئاراستەکردبوو, بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی دابوو کە لای تاوتوێ کرابوو. بڕیار درا لیژنەیەک پێکبهێنرێت لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی داد و مافەکانی مرۆڤ، داواکاری گشتی، هێزەکانی ئاسایش، و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی سەردان و پشکنین لە چەند گرتووخانەیەکی ئاسایشدا لە پارێزگاکانی دهۆک وهەولێر. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا، باس لەوە کرا کە لیژنەکە ڕاپۆرتی سەرەتایی دەربارەی ئەو سەردان و پشکنینانە

ئامادەکردووە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بۆ هاوڵاتیان بڵاونەکردوەتەوە. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەستپێشخەرییەکی جیای ئەنجامدا: فەرماندرا بە لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ سەردانکردنی گرتووخانەکان و ئامادەکردنی راپۆرتێک دەربارەی دەرئەنجامەکان. باس لەوە دەکرێت کە لیژنەکە سەردانەکانی تەواوکردووە، بەڵام تا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر ئەنجامەکانی ئەو لیژنە پەرلەمانییە نەکردووە.

سەبارەت بەو زیندانیکراوانەی کە گوایە هێزەکانی ئەمەریکاو عێراق پێکەوە دەستگیریان کردوون لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دواتر گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێشوازی لە هاوکاری هەریەک لە بەرپرسانی ئاسایش و فەرماندەی گشتی هێزە فرەرەگەزەکان بۆ چالاکییەکانی دەستگیرکردن کردو نیگەرانییەکانییان ئاراستەکرا. کاتێ کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکەم کەس لەو زیندانیکراوانەدا کرد لە مانگی نیسانی 2004دا، دەسەڵاتدارنی کوردستان ئەگەر بایەخیان دابووبێت بە باری یاسایی زیندانیکراوەکان، ئەوا بایەخێکی زۆر کەم بووبوو. بەڵام بە گەیشتنی مانگی کانوونی یەکەم، دەسەڵاتدارانی کوردستان چەند سەد کەسێکیان لەو دەستگیرکراوانە ئازادکرد، و بەرپرسانی ئاسایش- بەتایبەت لە پارتی دیموکراتی کوردستان- پەیوەندی راستەوخۆیان بونیادنابوو لەگەڵ فەرماندەیی گشتی ئەمەریکا بۆ باسکردنی ئەم قەزییانە. لە کاتی نووسینی ئەم راپۆرتەدا، هەردوولا کاریان دەکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی خێرا، چ بە ئازادکردنی زیندانیکراوەکان بێت یان بە مسۆگەرکردنی مافی پرۆسەی یاسایی بۆ ئاراستەکردنی تۆمەت و ناردینان بۆ بەردەم دادگا.

له کاتێکدا که ڕێکخراوی چاودێری مافه‌کانی مرۆڤ پێشوازی و پێزانینی بۆ هاوکاری و هه‌وڵه‌کانی ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستان ده‌رده‌بڕێت، به‌ڵام ئه‌م هه‌وڵانه نه‌بوونه‌ته هۆی باشبوونێکی به‌رچاو بۆ زۆربه‌ی زیندانیانی گرتووخانه‌کانی ئاسایش. ئه‌و ڕێوشوێنانه‌ی که له لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستانه‌وه گیراونه‌ته‌به‌ر بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م مه‌سه‌لانه–له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که بونیادنه‌رن– به‌ڵام کورتیان هێناوه له‌به‌رامبه‌ر چاوپێخشاندنه‌وه‌ی یاسایی سه‌ربه‌خۆو بێلایه‌ندا له ڕووی باری یاسایی زیندانیکراوه‌کان که ڕێکخراوی چاودێری مافه‌کانی مرۆڤ پێشنیاری کردبوو به په‌له جێبه‌جێبکرێن.

### *پێشنیاره سه‌ره‌کییه‌کان*

له کاتێکدا ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستان هه‌ندێ پێشکه‌وتنیان ئه‌نجامداوه، به‌ڵام به شێوه‌یه‌کی به‌رفراوان نه‌بووه. ڕێکخراوی چاودێری مافه‌کانی مرۆڤ ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستان هانده‌دات که چه‌ند له توانادا هه‌یه ئه‌م پێشنیارانه جێبه‌جێ بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی مامه‌ڵه‌کردن له‌گه‌ڵ زیندانیان پێوه‌ره نێوده‌وڵه‌تی و یاساکانی عێراق له‌خۆبگرێت. (ورده‌کاریی پێشنیاره‌کان، بۆ ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستان و لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌کانی تر، له کۆتای ئه‌م ڕاپۆرته‌دا خراونه‌ته‌ڕوو.)

- به‌زووترین کات لیژنه‌یه‌کی قه‌زایی سه‌ربه‌خۆ پێکبهێنرێت بۆ چاوخشاندنه‌وه به باری یاسایی ئه‌و زیندانیانه‌ی که له گرتووخانه‌کانی هێزه‌کانی ئاسایشدان. له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌نجامه‌کانی ئه‌و لیژنه‌یه‌دا:
  - ده‌ستبه‌جێ و به ره‌سمی تۆمه‌ت به‌پێی جۆری تاوان ئاراسته‌ی ئه‌و که‌سانه بکرێت که له گرتووخانه‌کاندان یان ئازادبکرێن.
  - ده‌ستبه‌جێ ئه‌و زیندانیانه ئازادبکرێن که له گرتووخانه‌کانی ئاسایشدان و ماوه‌ی حوکمه‌که‌یان به‌سه‌ربردووه.

- ○ هەموو زیندانیە حوکمدراوەکان بگوێزرێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەو یاسایانەی کە حاڵی حازر بەرقەرارن.

- دامەزراندنی میکانیزمی قەزایی کاریگەر بۆ ئەوەی توانا بدرێت بە هەموو زیندانیان پرسیار لەو بنەمایانە بکەن کە لەسەریان زیندانی ئەکرێن، و هەروەها بۆ فەراهەمکردنی دادگاییکردنێکی عادیلانە بۆ هەموو زیندایکراوێک لەسەر بنەمای ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەیان دەکرێت.

- بە ئاشکراو لێبڕاوانە کاری ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن ئیدانە بکرێت. ئەو بڕگە یاساییانە هەڵپەسێردرێن کە رێگە دەدەن بە بەکارهێنانی ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی دانپیانان.

- بەخێرایی لێکۆڵینەوە لە هەموو دەنگۆکانی ئەشکەنجەدان بکرێت، و دڵنیا بکرێتەوە کە پاسەوان، لێکۆڵەرەوە (محقق)، و کارمەندو بەرپرسانی دیکەی گرتووخانە کە دەسەلمێنرێت دەستیان هەیە لە پێشێلکاری بەرامبەر بە زیندانیان, رووبەرووی لێپێچینەوە دەبن بە شێوەیەکی گونجاو.
  - ○ پاشان، فەرمان بدرێت بە پێکهێنانی دەزگایەکی شەفاف و سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەو بانگەشانەی کە باس لەوە ئەکەن کارمەندانی ئاسایش ئەشکەنجەدانیان بەکارهێناوە.

# شێوازی ئامادەکردن

ئەم راپۆرتە تەرکیز لەسەر مافەکانی بوونی پرۆسەی یاسایی و بارودۆخی ئەو کەسانە ئەکات کە لە گرتووخانەکانی هێزەکانی ئاسایشی کوردستاندان. بەرپرسی دەستگیرکردن و زیندانیکردن و لێکۆڵینەوەی گومانلێکراوەکانی پەیوەندار بە ئاسایش و هەندێ گومانلێکراوی تاوانکارییە.2

راپۆرتەکە لەسەر بنەمای ئەو بەدواداچونە ئامادەکراوە کە لە هەرێمی کوردستان، لە باکوری عێراقدا، لە نێوان نیسان بۆ تشرینی یەکەمی 2006دا ئەنجامدراون، و لەو ماوەیەدا سێ سەردانی مەیدانی ئەنجامدراوە. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ مۆڵەتی نوسراوی لە بەرێوەبەرانی هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە وەرگرت بۆ ئەنجامدانی سەردانی کتوپڕی ئەو گرتووخانانەی کە لەژێر دەسەڵاتی قەزاییاندان، هەروەها بۆ سەردانکردنی ئەو شوێنانە زیاتر لە جارێک. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنەکانی بە بێ ئامادەبوونی بەرپرسانی گرتووخانەکان ئەنجامدا (لە هەندێ حاڵەتدا، بەرپرسانی گرتووخانەکان ژووریان بۆ رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەستەبەرکرد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەخەڵوەتدا ئەنجام بدرێت. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنەکانی بەشێوەی تاکە کەسی ئەنجامدا بەڵام لە حەوشەی گرتووخانەکان یان بیناکاندا). هەندێ زیندانیکراو پێیان باش بوو کە لە ژوری زیندانڎا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، کە زۆربەی کات ناو زیندانە گەورەکان بوو، کە لە نێوان 50 یان 60 زیندانی تێدابوو، ئەمەش رادەیەک لە شاردنەوەی ناسنامەی دابین ئەکرد بۆیان، دوور لە چاوی بەرپرسانی گرتووخانەکان. لە هەموو دەزگاکاندا بەرپرسانی گرتووخانەکان رێگەیان نەدا بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو زیندانیکراوانەدا بکات کە لە زیندانی تاکە کەسی یان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدابوون.3

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سەردانی 10 گرتووخانەی کرد کە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردەوە بەڕێوەدەبرێن. چوار لەو گرتووخانەنانە لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندابوون: ئاسایشی گشتی و ئاسایشی هەولێر، هەردووکیان لە شاری هەولێرن. ئاسایشی شەقلاوە لە پارێزگای هەولێر. ئاسایشی ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک. شەش لە گرتووخانەکان لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندابوون. ئاسایشی گشتی و ئاسایشی سلێمانی، هەردووکیان لە شاری سلێمانین. زیندانی معەسکەر سەلام لە رۆژئاوای شاری سلێمانی. ئاسایشی هەولێر، لە شارۆچکەی کۆیە. ئاسایشی شارەزوور لە نزیک شارۆچکەی هەڵەبجە و ئاسایشی چەچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی.

لە ئەنجامی هەموو ئەو سەردانانەدا، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ 158 زیندانیدا سازکرد، 112یان زیندانیکراوی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و 46یان زیندانیکراوی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندابوون. تەوەری چاوپێکەوتنەکان زیندانیکراوی نێری باڵق (سەرو تەمەن 18 ساڵ) بوو کە لە ماوەی زیندانیکردنی پێش دادگاییکردندابوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هەندێ زیندانیکراوی حوکمدراوی بینی کە لە هەمان گرتووخانەدابوون بەبێ ئەوەی دادگاییکرابن.

ناوی راستەقینەی هیچ زیندانیکراوێک لەم راپۆرتەدا بەکارنەهێنراوە، هیچ وردەکارییەکیش بڵاونەکراوتەوە کە بەرپرسانی گرتووخانەکان بتوانن لە ڕێگەیەوە چاوپێکەوتوەکان بناسنەوە. هەندێ لەوانەی کە چاوپێکەتنیان لەگەڵدا کرا رازینەبوون ناو یان زانیاری کەسیی (شەخسی) بدەن، و زۆریشیان ترسیان هەبوو لەوەی کە ڕووبەڕووی سزادان دەبنەوە لەئەنجامی قسەکردنیان بۆ ڕێکخراوی

چاودێری مافەکانی مرۆڤ. ناوی هەموو زیندانیکراوەکانمان گۆڕیوە بۆ ئەوەی ناسنامەی راستەقینەیان بشارینەوە، هەروەها ناوی باوی عەرەبیمان بەکارهێناوە. لە کاتی سەردانی چەند جارە بۆ دوو گرتووخانە، زیندانیەکان باسیان لەوەکرد کە تووشی هیچ تۆڵەسەندنەوەیەک نەبووبون بەرامبەر قسەکردسنیان لەگەڵ رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، بەڵام وتیان کە بەرپرسانی گرتووخانەکان ناوەکانیان دیاریکردبوون.

لە دەرەوەی گرتووخانەکاندا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەش کەسدا ئەنجامدا کە پێشتر زیندانی کرابوون بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن لە ماوەی نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2006دا. سێ کەسیان لە گرتووخانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سێ کەسی دیکەشیان لە گرتووخانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بووبون. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئەم چاوپێکەوتنانەشی بەو مەرجە ئەنجامدا کە ناوی کەسەکان ئاشکرانەکرێن.

ئەو زیندانیانەی کە لە لایەن رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا، پۆلێنکران بۆ دوو بەش بەپێی ئەو شوێنەی لێی زیندانیکرابوون. بەشی یەکەم و گەورەترین بەش ئەو کەسانەبوون کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشیەوە لە ناو سنوری هەرێمی کوردستاندا دەستگیرکرابوون- پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک و سلێمانی. زۆرینەیان کوردی عێراق بوون، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم عەربی عێراق و تورکمان.4

هەروەها هەندێ بیانیش لەنێویاندابوون، وەک ئێرانی، ئەفغانی، سودانی، سەعودی، تونسی، ئەردەنی و دوورگەکانی کۆمۆر. بەشی دووەم بریتیبوون لەو کەسانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراقدا دەستگیرکرابوون. بەپێی (وتەی) دەسەڵاتدارانی کورد، بەرپرسیارێتی ئەم دەستگیرکردنانە لەسەر شانی

هێزەکانی سوپای عێراقدایە، لە هەندێ حاڵەتدا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا. داوابەدوای لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، دەستگیرکراوەکان گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەکانی کوردستان، گوایە بۆ "پارێزگاریکردن." لەنێو ئەو کەسانەدا کوردی عێراقیان تێدابوو، بەڵام زۆربەیان عەربی عێراقی خەڵکی موسڵ و کەرکوک بوون. بەپێی (وتەی) دەسەڵاتدارانی کورد، هەندێک لەو کەسانە لە پارێزگا دورەکانی وەک سەلاحەدین و ئەنبارو دیالەو بەغداد گیراوون.

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هەلی ئەوەی نەبوو سەردانی هیچ گرتووخانەیەکی ژنان لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک و سلێمانی بکات، کە لەوانەیە زیندانیکراوی مێینەی گومانلێکراوی کردەوەی پەیوەندیدار بە ئاسایشەوە هەبن.5 هەروەها سەردانی هیچ گرتووخانەیەکی مێردمندالانیشمان نەکرد، هەرچەندە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دوو زیندانیکراودا کرد، کە وتیان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵەوەیە، لە گرتووخانەیەکی سەروو تەمەن 18 ساڵی سلێمانیدا.

زۆربەی ئەو زیندانیانەی کە ئەم راپۆرتە گرنگییان پێدەدات گومانلێکراوی تیرۆربوون، ئەو کەسانە گیراون لەسەر ئەوەی گوایە پەیوەندیان بەو گروپە چەکدارییانەوە هەیە کە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرش بۆ خەڵکانی مەدەنی لە دەستۆئەگرن. لە هەندێ حاڵەتدا دەسەڵاتدارانی کورد زیندانیەکانیان تۆمەتبار کردووە بە تێوەگلان لە ڕووداوی دیاریکراودا، وەک هێرشکردنەسەر بەرپرسانی حکومی یان خەڵکانی مەدەنی. هەندێ حاڵەتی کەمیش هەبوون کە دەسەڵاتدارانی کورد کەسەکەیان گرتبوو بە گومانی تێوەگلان لە کاری تاوانکاریدا، لەنێویاندا کوشتن و بازرگانیکردن بە مادەی بێهۆشکەرەوە.

زۆربەی زیندانیان سکالای ئەوەیانکرد کە کارمەندانی ئاسایش لە قۆناغی جیاجیای گرتنیاندا ئەشکەنجەیان داون یان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، بەتایبەت لە ڕۆژانی یەکەم یان چەند هەفتەی

یەکەمی گرتنیاندا، کاتێ کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بوون. سروشتی باسکردنی پێشێلکاری زۆر جێگیربوو لە زۆربەی گرتووخانەکاندا، هەروەها بە زانیاریەکانی تایبەت بە ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن بەرانبەر بە زیندانیکراوەکانی ئاسایش کە  پێشتر ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کۆیکردبوونەوە. بۆ ئەم ڕاپۆرتە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ سکاڵاکانی زیندانیکراوەکانمان پشتراست نەکردەوە: لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر برینێکیان هەبوو بێت بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە چەند مانگێک پێشتر یان ساڵانی پێشتر ڕوویانداوە.

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نیگەرانییەکانی سەبارەت بە باری یاسایی و مامەڵەکردنی زیندایکراوەکانی ئاسایشی لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسان و سیاسیەتمەدارانی هەریەک لە ئیدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا باسکردوە، لەو کەسانەش:6  سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی, وەزیری ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان کەریم سنجاری, وەزیری داد فاروق جەمیل, وەزیری دادی پارتی دیموکراتی کوردستان ئازاد مەلا, وەزیری مامەفەکانی مرۆڤ د. یوسف عەزیزو چەند کاربەدەستێکی وەزارەتی مامەفەکانی مرۆڤ, جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کەمال کەرکوکی و ئەندامانی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان,هەروەها سەرۆکی دادگای یەکگرتووی پێداچوونەوە(ئیستئناف) ی کوردستان سەلاح ئەلیەعقوبی. سەبارەت بە بەرپرسانی ئاسایش، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە چەند بۆنەیەکدا کۆبوونەوەی بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان عیسمەت ئەرگوشی و بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەیفەدین عەلیدا سازکرد. سەرباری ئەوەش ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە عەبدولاّ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، و هەروەها عەقید حەسەن نوری لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە پێشتر لێپرساوی هۆبەی سیاسی ئاسایشی سلێمانی بوو (ئێستا سەرۆکی ئاسایشی سلێمانییە)، و

هەروەها عەقید ناسر عەزیز مەولود، لێپرسراوی هۆبەی سیاسی ئاسایشی گشتی. لە کاتی سەردانی بەرپرسانی گرتووخانەکاندا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەی جیاجیای سازکرد لەگەڵ بەڕێوەبەرانی گرتووخانەکاندا. هەروەها رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هەوڵیدا نیگەرانییەکانی لەگەڵ دوو دادوەری لێکۆڵینەوەدا باسبکات کە لێپرسراویتی چاوخشاندنەوەیان بە هەندێ کەیسدا هەبوو کە لەلایەن ئاسایشەوە نێردرابوو. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ دادوەر سیروان ئەحمەد رەشیددا کۆبوویەوە سەبارەت بە زیندانیکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دادوەر عومەر باجەلان داوای رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی بۆ چاوپێکەوتن رەتکردەوە، لەبریدا رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە عەقید خالید رۆژبەیانی، سەرۆکی هۆبەی کاروباری یاسایی ئاسایشی گشتی. لەنێو پارتە بچوکترە سیاسییەکانیدا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە شێخ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبیی.7

سەبارەت بەو زیندانیکراوانەی کە بانگەشەی ئەوەیانکرد کە هێزەکانی ئەمەریکاو سوپای عێراق بە هاوبەشی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەستگیریان کردبوون و دواتر گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەکانی ئاسایش، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نیگەرانییەکانی لە بەغداد لەگەڵ مەیجەر جۆن د. گارنەر،لە فەرماندەیی گشتی هێزە فرەنەتەوەکان بۆ چالاکییەکانی دەستگیرکردن، باسکرد.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کۆپیەکی کورتکراوەی ئەم راپۆرتەی نارد بۆ مەکتەبی سەرۆک بارزانی و داوای کرد لەسەری بدوێن یان وەڵامی بدەنەوە بۆ ئەوەی بخرێنە راپۆرتی کۆتاییەوە. تا ئەمرۆ، مەکتەبی سەرۆک بارزانی وەڵامی نەداوەتەوە.

## باکگراوند (زانیاری پێشینە)

لە مانگی ئازاری ساڵی 1991داو پاش شکستی عێراق لە شەڕی کەنداودا، راپەڕینێکی گەورە لە باکورو باشوری عێراقدا هەڵگیرسا. رژێمی سەدام حسێن راپەرینەکەی سەرکوتکردو لە ئەنجامدا نزیکەی دوو ملیۆن کوردو شیعە بەرەو ئێران و تورکیا هەڵهاتن. مانگێک پاش ئەو کۆڕەوە هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا و فەرنسا "ناوچەی ئارام"یان لە هەرێمی کوردستان بونیادنا، دوای ئەوەش "ناوچەی دژە فڕین" سەپێنرا کە رێدەگیرا لە فرۆکەو کۆپتەرەکانی عێراق تا لە ناوچەی هێڵی پانی 36دا هەڵنەفڕن.8 لەبەر ئەوەی حکومەتی سەدام حسێن نەیتوانی پشتیوانی ئاسمانی بۆ سوپاکەی دابین بکات لە هەرێمی کوردستاندا، ناچاربوو هێزەکانی و ئیدارە مەدەنییەکانی لە ناوچەکە بکێشێتەوە. لە پاش کشانەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی 1991دا، پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای کەرکوک، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزە بەرهەڵستکارە کوردییەکانەوە.

لە دوای کشانەوە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، حکومەتی سەدام حوسەین هێڵی تەماس و گەمارۆی ئابووری بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا سەپاند. هێزە ئۆپۆزیسۆنە کوردیەکان ئیدارەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا و ئەنجومەنێکی وەزیرانیان دەستنیشانکرد، هەردوو دەزگاکە لە لایەن دوو پارتی سەرەکییەوە بەڕێوەدەبران، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.9 بەڵام، لە دەوروبەری ناوەڕاستی 1994دا، پێکدادنی قورس لە نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها هێزێکی سێیەمدا، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، روویدا کە ماوەی چەند ساڵێکی خایاندو لەو ماوەیەدا ئیدارە هاوبەشەکە بەشێوەیەکی کاریگەر هەڵوەشێنرایەوە.10 لە ئەیلولی ساڵی 1998دا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی

کوردستان ڕێکەوتننامەی واشنتۆنیان ئیمزاکرد، کە بە ناوبژیوانی ئەمەریکا ئەنجامدرا بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو لەدوای ئەوەش پێکهێنانەوەی ئیدارەیەکی یەکگرتوو. جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە ئاڵۆزی زۆری تێکەوت و هەردوولا بەردەوامبوون لەسەر هێشتنەوەی دامەزراوە سیاسی و ئیدارەی و جێبەجێکارەکانی (تەنفیزی) یان بەشێوەیەکی جیا لەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆلیاندابوون.11 لە مانگی ئابی 2002دا هەردوو پارتەکە ڕێکەوتننامەیەکیان ڕاگەیاند بۆ پێکهێنانەوەی پەرلەمانێکی یەکگرتوو وە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانێکی نوێ. هیچکام لەو هەنگاوانە ڕوویاننەدا بەهۆی ئەوەی کە ئەمەریکاو هێزەکانی تری هاوپەیمانان لە مانگی ئازاری 2003دا عێراقیان داگیرکردو مانگی دواتر حکومەتی سەدام حسین لەسەرکار لابرا.

پارتە سیاسییە کوردییەکان نوێنەرایەتییان لە ئەنجومەنی بەرێوەبردن (مجلس الحکم) هەبوو کە لە لایەن دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانەوە، لە تەمموزی ساڵی 2003دا پێکهێنرا.12 هەروەها لە حکومەتی کاتیدا کە ئەیاد عەللاوی سەرۆک وەزیرانی بوو پاش گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق لە حوزەیرانی 2004دا. پارتە سیاسییە کوردییەکان بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005یان کرد بە لیستێکی هاوبەش، هاوپەیمانی کوردستان نوێنەرایەتییان لەو حکومەتە کاتییەدا هەبوو کە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی بوو. هاوپەیمانی کوردستان، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی سەرەکی بوون تیایدا، بەشدرای هەڵبژاردنە گشتییەکەی مانگی 12ی 2005دا کرد. لە کۆی 275 کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، هاوپەیمانی کوردستان 53 کورسی بەدەستهێنا. (ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردراون)، هەروەها هاوپەیمان شەش پۆستی وەزاری لە حکومەتەکەی نوری مالکی بەدەستهێناوە. لەسەر ئاستی هەرێمیشدا، پارتی دیموکراتی

کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆرینە بوون لەو هەڵبژاردنانەی کە لە مانگی دووەم و کانونی یەکەمی ساڵی 2005دا سازکران بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

لە مانگی نیسانی 2005دا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق13 سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراق هەڵبژارد. لە مانگی حوزەیرانی 2005دا،14 ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی کوردستان هەڵبژارد.15

یاسای بەرێوەبردنی کاتی کە لە لایەن دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانەوە لە 8ی ئازاری 2004دا دەرچوو، ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی سیستمی دەوڵەتێکی فیدراڵ لە عێراقدا.16 مادەی 53 لە یاسای بەرێوەبردنی کاتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" بە رەسمی دەناسێت بە ئاماژەکردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەلاتی قەزائی هەرێم لە هەرێمی کوردستاندا.17 چەمکی فیدراڵیزم لە دەستوری عێراقیشدا رەنگی دایەوە. دەستوری عێراقیش لە ڕیفرندۆمێکی نیشتمانیدا لە 15ی تشرینی یەکەمی 2005دا پەسەندکراو دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و قەزائی بۆ هەرێمە فیدراڵەکان مسۆگەرکرد. 18

لە کاتی دەرچوونی یاسای بەرێوەبردنی کاتی و ریفراندۆمی دەستوری عێراقدا ئیدراەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکیان نەگرتبوویەوە. وەک بەشێک لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، بەشێوەیەکی رەسمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مانگی حوزەیرانی 2005دا کۆبوویەوە بە ئامادەبوونی ئەندامە بنەرەتییەکانی (ئەوانەی کە لە مانگی ئایاری 1992دا هەڵبژێردرابوون)19 بەلام، هەتا ناوەڕاستی 2006

هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیدراەی جیایان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی چەکدارییاندا هەبوو، بە بوونی وەزارات و قەزایی ئاسایش و هێزی سەربازی.20 لە 21ی کانوونی دووەمی 2006دا، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ڕێکەوتننامەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئیمزاکرد، ئەمەش بووە پرەنسیپی حکومەتێکی هەرێمی یەکگرتوو.21 یەکگرتنەوەی رەسمی لە مانگی ئایاردا روویدا کاتێ کە کابینەیەکی یەکگرتوویان ڕاگەیاندو نێچیرڤان بارزانی 22 بووە سەرۆک وەزیرانی. هەریەک لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان لە هەولێرن، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

## چوارچێوەی یاسایی

دوابەدوای هەڵبژادنەکانی مانگی ئایاری ساڵی 1992 و پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستاندا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وەک یەکێک لە یەکەمین کارەکانی بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی حکومەتی عێراقی. بڕیارەکە داوای لە هەموو وەزیرەکان کرد کە "هەموو ئەو یاسا و ڕێساو فەرمان و ڕێنماییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندییەوە دەرچوون چاویان پێدابخشێرێتەوە بۆ دیاریکردنی ئەوانەی کە لە گەڵ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستاندا ناگونجێن و بیخەنە بەردەست ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئایا شەرعیە یان نا, پاشان پیادەبکرێن لە هەرێمدا." 23 هەروەها "هیچ یاسا و ڕێساو فەرمان و ڕێنماییەک کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندییەوە دەردەچن دوای کشانەوەی ئیدارەکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان لە 1991/10/23 تەنها کاتێک جێبەجێدەکرێن کە شەرعییەتیان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە پەسەندبکرێت." 24

بە شێوەیەکی پراکتیکی، دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەو یاسایانەیان جێبەجێنەکرد پێش 1991/10/23 لە بەغداد دەرچووبون، لە بری ئەوە یاسای دیکەیان دەرکرد. بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی ساڵی 1992و ساڵی 1993دا، کۆمەڵێک یاسایان دەرکرد بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکانی ناوخۆو دادو چەند وەزارەتێکی دیکە کە لە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیراندابوون، هەروەها چەند یاسایەک بۆ ڕێکخستنی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکان لە هەرێمەکەدا. 25 ئەم یاسایانە، دوای چاککردن ، تا ئەمڕۆش کاریان پێدەکردێت. بەردەوام کارکردن بەم یاسایانەو هەروەها بەو فەرمان و ڕێنماییانەی کە لە لایەن پەرلەمانتارانی کوردەوە دەرچووبون، لە لایەن دەستوری عێراقەوە

که له تشرینی یەکەمی 2005دا پەسەندکرا، ڕەزامەندی لەسەریان دەربڕا: "ئەو یاسایانەی کە لە ساڵی 1992ەوە له هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت، وەک خۆیان دەمێننەوەو هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون، لەنێویاندا بڕیارەکانی دادگاکان و کۆنتراکتەکان، کاریان پێدەکرێت ئەگەر چاک نەکرابن یان هەڵنەوەشێنرابنەوە بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی لێهاتوو لە هەرێمەکەدا، بەوەی کە پێچەوانەی دەستور نەبن." 26

چاوپێخشاندنەوەی ئەو یاسایانەی حکومەتی عێراقی کە پێش 1991/10/23 دەریکردبوون، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردییەوە بووەهۆی هەڵپەساردنی چەندین بڕیار کە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچووبون 27 هیچیان بەشێوەیەکی ڕەسمی هەڵنەوەشێنرابویەوە بەوپێیەی کە لە یاسای عێراقیدا پێویست بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای بەدیلی دانا. لەنێویاندا یاسای دەسەڵاتی قەزایی ساڵی 1992 بوو، کە دادگاکانی هەرێمی کوردستانی ڕێکخست، 28 و شوێنی یاسای عێراقی ڕێکخستنی دادگاکانی ساڵی 1979ی گرتەوە. 29 یاساکانی تاوان بەشێوەیەکی فراوان وەک خۆیان مانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی یاسای تاوانەکان 30 و یاسای سزادان 31 هەروەک هەموو پارچەکانی دیکەی عێراق.

حکومەتی عێراقی پابەندبونی یاسایی هەیە لەژێر پەیمانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای عورفیدا، کەدەبێت هەموو دەسەڵاتە فیدراڵییەکان پابەندی بن. 32 پەیمانە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە عێراق بەشێکە تیایدا، بەتایبەت پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و مەدەنییەکان، پارێزگاری سەرەتایی بۆ خەڵکان مسۆگەر ئەکات تەنانەت لە کاتی ئەو حاڵەتە کوتوپڕیانەی کە حاڵی حازر

رووبەرووی بووەتەوە. 33 هەموو ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پێویستە پابەندبن بەو پەیمانانەی کە رژێمەکانی پێشووتر رەزامەندیان لەسەر دەربڕیووە.34

بەپێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و مەدەنییەکان، هەموو کەسێک مافی پاراستنی هەیە لەبەرامبەر رەشەگیریدا: 35 ئەبێت دەستبەجێ ئاگاداربکرێ لەو تاوانانەی کە دەدرێتە پاڵی: دەستەجێ ببرێتە بەردەم دادوەرو مافی ئەوەی هەیە کە لە ماوەیەکی گونجاودا دادگایی بکرێت یان ئازاد بکرێت: 36 لەکاتی زیندانیکردنیدا دەبێ بە رێزەوە رەفتاری لەگەڵدابکرێت, 37 مافی پاراستنی هەیە لە ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوە، رەفتاری نامرۆڤانەو شکاندنی کەسایەتی یان سزادانی: 38 هەروەها چوونی بە پرۆسەی یاسایداو دادگایەکی دادپەروەرانە، 39 لەنێویدا مافی راوێژکاریی. 40

هەروەک حاڵی حازر دەردکەوێت، یاسای تاوانەکانی عێراقی کورت دێنێت لەبەرامبەر پێوەرەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لە ژمارەیەک رێگەوە، و شکست دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی مافی بنچینەیی وەک مافی گومانلێکراوی تاوان لەبەرامبەر خۆ تاوانبارکردن, مافی نوێنەرایەتی کردن لەلایەن راوێژکاری یاساییەوە لە هەموو قۆناغەکاندا، مافی ئەوەی کە بەزۆر ئیعترافی پێنەکرێت و لە دادگادا وەک بەڵگە بەکارهێنرێت لە دژیان، و مافی ئەوەی کە بێتاوانن هەتا تۆمەتەکانیان بەسەردا دەسەلمێنرێت لەبەردەم دادگادا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ پارێزگاری هەیە لە یاسای تاوانەکانی عێراقدا، کە ئەگەر جێبەجێبکرێن، دەبێتەهۆی پارێزگارییەکی باشتر بۆ ئەو کەسانەی کە دابڕاون لە ئازادییان.

لەژێر یاسای تاوانەکانی عێراقیدا، بەرپرسانی ئاسایش ناتوانن کەسێک بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیربکەن (تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا ئاماژەی پێکردوون، 41 وەک دەستگیرکردن

لەکاتی روودانی تاواندا. 42 ئەبێت لەماوەی 24 کاتژمێردا لە دوای دەستگیرکردن تۆمەتباران بهێننە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە. 43 دادوەر بۆی هەیە ماوەی زیندانیکردن تازەبکاتەوە بەلاّم لە 15 رۆژ زیاتر نەبێت لە هەر کاتێکدا، و هەموو ماوەکە لە شەش مانگ تێنەپەرێت. ئەگەر بەرپرسانی ئاسایش لەماوەی شەش مانگدا لێکۆڵینەوەی تەواو نەکەن، ئەبێت لەرێی دادوەری لێکۆڵینەوەوە رەزامەندی بەدەستبهێنن بۆ درێژکردنەوەی ماوەی زیندانیکردن لە دادگای تاوانەکانی پەیوەندیدار.44

یاسای تاوانەکان بەکارهێنانی "هەر شێوازێکی نایاساییانە بۆ گوشارخستنەسەر تۆمەتبار بۆ بەدەستهێنانی دانپیانان،" قەدەغە دەکات 45 وەک خراپ رەفتارکردن بەرامبەری، هەرەشەی زیانگەیاندن پێی، فریودان، بەڵێن پێدان، فشاری دەروونی، یان بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەرو ژەهراویکردن. 46 لەکاتێکدا بەکارهێنانی ئەو جۆرە بەڵگانە لەدادگادا قەدەغەنییە، زیندانینان مافی ئەوەییان هەیە کە سکالاّ تۆماربکەن لەسەر ئەو هەرەشەو زیانانەی کە پێیانگەشتووە، بەمەبەستی ئەوەی کە پرۆسەی جینائی بۆ ئەنجامدەران بگیرێتەبەر.47 یاسای سزادانی عێراقی رێوشوێنی بەرپرسیارێتیش دابین ئەکات، واتە ئەگەر سەلمێنرا بەپرسێک زیندانیانی ئەشکەنجەداوەو خراپ رەفتاری لەگەڵ کردوون ئەوا سزاد دەدرێت و زیندانی دەکرێت، ماوەی زیندانیکردن کە لە 15 ساڵ زیاتر نەبێت. 48

دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان چەند گۆرانێکی لە یاسای تاوانەکان و یاسای سزادانداکرد دوای مانگی نیسانی 2003، هەندێک لەوانە چارەسەری ئەو کەموکورتیانەی کردووە.ئەو گۆرانکاریانەش ئەشکەنجەدان 49 و بەکارهێنانی دانپیانان لەژێر فشاردا وەک بەڵگە لە حاڵەتی دیاریکراودا قەدەغە دەکات. 50 هەروەها دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان جەخت لەسەر مافی زیندانیانی تاوان کردوەتەوە بۆ قسەنەکردن(بێدەنگبوون) لەکاتی دەستگیرکرنداو راوێژکردن لەگەڵ راوێژکاری یاسایی 51 و

دەستبەجێ تۆمەتەکانیان ئاراستەبکرێت. 52 هەروەها جەختی لەسەر مافی قسەنەکردن و راوێژکاری یاسایی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا کردوتەوە. 53 لەوەش زیاتر، "ئەگەر تۆمەتبار پارێزەری ویست ئەوا دادوەری لێکۆڵەرەوە یان لێکۆڵەرەوە نابێت پرسیاری لێبکات هەتا پارێزەرێک نەگرێت یان دادگا پارێزەرێک دابین بکات." 54

ئەو چاکاریانە چیتر یاسا نین، تەنها لەو حاڵەتەدانەبێت کە یاسادانەرانی عێراقی پەسەندیان کردبێت و کردبێتیانە بەشێک لە یاسای ناوخۆ. 55 لە مانگی ئەیلولی ساڵی 2003دا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان چاککاریەکانی یاسای سزادان و یاسای تاوانەکانی قانونی عقوبات و قانونی ئیجرائاتی جینائی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی خستەناو یاساکانی هەرێمەوە، بەڵام هەموو گۆڕانکارییەکان نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێکیان لێهەڵبژاردن و ژمارەیەک بڕگەیان لابرد کە ماف و پرەنسیپی بنچینەییان ئەپاراست. سەبارەت بە یاسای سزادان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان زیاتر لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کاریکرد بە هەڵپەساردنی زۆرینەی ئەو بڕگانەی کە سەرپێچی دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوەوەو دەرەوە دەکاتە تاوان، هەروەها سەرپێچی دژی دەوڵەت و دامەزراوە ڕەسمییەکان. 56 گۆڕانکارییەکانی دیکە دیکە نەخرانە ناو یاساکانی هەرێمەوە، لەنێویاندا دوو بڕگە کە سزای لەسێدارەدان قەدەغە دەکات و جەخت لەسەر قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان بە هەموو شێوەیەک دەکاتەوە، هەرچەند چاککردنەکانی یاسای تاوانەکان بەشێوەیەکی لاوەکی باسی ئەو مەسەلانە دەکات. 57 سەبارەت بە یاسای تاوانەکانی عێراقی، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان گۆڕانکاریی گرنگی خستە یاساوە کە مافی پاراستنی زیاتر بۆ ئەو تۆمەتبارانە مسۆگەرکرد کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدابوون، 58 لەوانە مافی ئەوەی کە بە زمانێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدابکرێت کە لێی تێبگەن یان وەرگێڕیان بۆ دابینبکرێت، 59 و هەوەها مافی ئەوەیان هەبێت کە راوێژکاری یاسایی بگرن یان بۆیان دابین بکرێت. 60 لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەو بڕگەیەی

نەخستە یاساکانیەوە کە ماف بە زیندانیی ئەدات بێدەنگبێت لەکاتی دەستگیرکردندا، 61 یان مافی ئەوەی کە دەستبەجێ تۆمەتەکانی ئاراستە بکرێت. 62 سەبارەت بە بەڵگە قبوڵکراو، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەو بڕگەیەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی خستە یاساوە کە بەکارهێنانی دانپیانان لەژێر فشاردا وەک بەڵگە لە حاڵەتی دیاریکراودا قەدەغە دەکات، 63 بەڵام ئەو بڕگە پەیوەندیدارەی نەخستە یاساوە کە پشت بەستن تەنها بە ئیعتراف قەدەغە ئەکات ئەگەر دادگاکە "رازیبوو پێی و ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی تر نەبوو کە بیسەلمێنێت ناڕاستە." 64

لە تەمووزی 2006دا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای دژە تیرۆری لە هەرێمی کوردستاندا دەرکرد، 65 کە بۆ ماوەی دوو ساڵ کاری پێدەکرێت لە بەرواری جێبەجێکردنییەوە. 66 یاساکە کۆمەڵێکی زۆر سەرپێچی کە بە تیرۆر سەیردەکرێن دەکاتە تاوان . ماددەی 2 باس لە سزای لەسێدارەدان دەکات و وەک سزایەکی ئیلزامی بۆ هەشت جۆر سەرپێچی:

1. دامەزراندن، رێکخستن، یان بەڕێوەبردنی رێکخراو، یان کۆمەڵە، دەستە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێک، بە ئامانجی ئەنجامدانی یەکێک لەو تاوانە تیرۆریستیانەی لەم یاسایەدا هاتوون.
2. تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی یان ئایدۆلۆجی.
3. بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سوتێنەر، گڕگر، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان و رووخاندن لە رێگەی تەقینەوەی راستەوخۆ، یان بە ئامێری لە دوور ئاراستەکراو، یان مین رێژکردنی ئۆتۆمبیل، چاندنی بۆمبی خاپوورکار، بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی، پشتێنەی خاپورکار، یان نامەی مین رێژکراو، مادده یان گازی ژەهراوی، یان میکرۆب، یان تیشکدەر، ئەگەر کارەکە مردنی کەسێک یان پتری لێکەوتەوە.

4. به بارمتەگرتنی کەسێک، یان کەسانێک بۆ کارتێکردن لە دام و دەزگاکانی هەرێم یان لەو دەستەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی لە هەرێمدا کارئەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە سودێک یان کەڵکێک، یان بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێک، یان نەکردنی، یان دروستکردنی بارێک لە ترس و تۆقین.
5. کوشتنی ئەو کەسانەی کە پارستنی نێودەوڵەتی ئەیانگرێتەوە، یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگەو دەستەی دیبلۆماسی و کۆنسولگەریی و دامەزراوەو کۆمپانیای بیانی و رێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان و نا حکومییەکان، ئەو کەسانەی لەگەڵیان کارئەکەن، و تاوانەکەش بەمەبەستی تیرۆربێت.67
6. وەرگرتنی مەشقی سەربازی یان بوون بە ئەندامی ئەو گروپانەی کە کاری تیرۆریستی ئەنجام ئەدەن.68
7. هاریکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی یان هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەکی دەرەوەی هەرێم بۆ ئەوەی تاوانێک لەوانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەنجامبدەن.
8. ئاسانکردنی هاتنەژوورەوەو چونەدەروەی هەرێم بۆ تیرۆریستان، یان دابینکردنی شوێنی حەوانەوەیان یان یارمەتیدانیان یان دابینکردنی زانیاری بۆ پلانە تیرۆیستییەکانیان، بەمەرجێک بە کارەکە بزانرێت.

ماددەی 3 زیندانی هەتاهەتایی بۆ هەشت جۆر سەرپێچی دائەنێت، 69، و ماددەی 4 زیندانیی بۆ ماویەک کە لە 15 ساڵ تێپەرنەکات بۆ شەش سەرپێچی دیکە دادەنێت. 70

ماددەیەکی گرنگی یاسای دژە تیرۆر کە پێشینەی بەسەر یاسای تاوانەکان و یاسای سزاداندا هەیە، 71 ئەوەیە کە پێچەوانەیە لەگەڵ گۆڕانکارییەک کە دەسەڵاتدارانی کورد لە ئەیلولی ساڵی

2003دا له یاسای تاوانه‌کاندا کردیان سه‌باره‌ت به قبوڵکردنی دانپیانان له‌ژێر فشاردا. 72 مادده‌ی 13 له یاسای دژه تیرۆر، له کاتێکدا مافی "ره‌فتاری یاسایی و دادپه‌روه‌رانه" بۆ تۆمه‌تباران له‌هه‌موو قۆناغه‌کانی لێکۆڵینه‌وه‌دا دابین ئه‌کات، له‌نێویاندا دابینکردنی پارێزه‌ر بۆ داکۆکی کردن لێی و هه‌روه‌ها رێگه‌ئه‌دات به پشتبه‌ستن به دانپیانانی به‌زۆرلێوه‌رگیراو، هه‌ره‌شه‌و ئه‌شکه‌نجه‌دان ئه‌گه‌ر پشت راست نه‌کرایه‌وه به به‌ڵگه‌ی دیکه. 73 به رێگه‌دان به پشتبه‌ستن به دانپیانانی به‌زۆرلێوه‌رگیراو، بۆی هه‌یه ئه‌و یاسایه هانی به‌رپرسانی گرتوخانه‌کان بدات ئه‌شکه‌نجه‌و ره‌فتاری خراپ به‌رامبه‌ر به زیندانییه‌کان بکه‌ن. یاساکه بوارێکی سنوردار ده‌سته‌به‌رئه‌کات بۆ زیندانییه‌کان سکاڵا له دژی لێکۆڵه‌وه‌رانی تۆماربکات وه‌ک که‌سانی ئاسایی، هه‌رچه‌نده رێگه‌ئه‌دات به ئه‌و زیندانیانه‌ی که نه‌سه‌لمێنرا تاوانبارن داوای قه‌ره‌بوو بکه‌ن بۆ زیانه‌کانیان به‌پێی ده‌ستورو یاساکان. 74

سیاسه‌ته‌کانی ئیداره‌کانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان سه‌باره‌ت به سزای له‌سێداره‌دان زۆر جیاواز نه‌بووه. له ساڵی 2002دا ئیدراه‌ی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ماویه‌کی نادیار سزای له‌سێداره‌دانی هه‌ڵپه‌سارد، و نزیکه‌ی 40 فه‌رمانی سزای له‌سێداره‌دانی گۆڕی بۆ زیندانی هه‌تاهه‌تایی یان که‌متر.75 ئیدراه‌ی پارتی دیموکراتی کوردستان به‌رده‌وامبوو له‌سه‌ر جێبه‌جێکردنی سزای له‌سێداره‌دان، هه‌رچه‌نده به‌شێوه‌یه‌کی سنورداربوو، بۆ تاوانی گه‌وره‌ی وه‌ک کوشتنی به‌ئه‌نقه‌ست. له‌کاتێکدا ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان ئه‌و چاککاریانه‌ی یاسای سزادان و یاسای تاوانه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی کاتی هاوپه‌یمانانی نه‌خسته‌ناو یاساکانی هه‌رێمه‌وه که سزای له‌سێداره‌دانیان هه‌ڵپه‌سارد(وه‌ک له‌سه‌روه باسکرا)، به‌ڵام گۆڕانکارییه‌کی خسته‌سه‌ر یاسای تاوانه‌کان ئیجرائاتی جینائی که هه‌موو ئه‌و ماددانه هه‌ڵده‌په‌سێرێت که جێبه‌حێکردنیان رێکئه‌خات، به‌مه‌ش به‌شێوه‌یکی کاریگه‌ر جێبه‌جێکردنی هه‌ڵده‌په‌سارد. 76 ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان هه‌ڵپه‌ساردنی ئه‌و ماددانه‌ی هه‌ڵوه‌شانده‌وه کاتێ یاسای دژه تیرۆری ده‌رکرد له ته‌مووزی ساڵی 2006دا. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، له

ئەیلولی 2006دا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد کە دووبارە سزای لەسێدارەدانی خستەوە کار بۆ چەند تاوانێکی دیاریکراو. 77 ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دژی سزای لەسێدارەدانە لەهەموو حاڵەتێکدا چونکە لە بنچینەدا دڕندانەیەو گەڕانەوەی نییە.

## هێزەکانی ئاسایشی کورد

لەئازاری 1993 دەسەڵاتدارانی کورد بەشێوەیەکی یاسایی دانیان نا بە دەزگای ئاسایشدا.78 دەزگاکەیان خستە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی کوردستان و دەسەڵاتی یاساییان پێبەخشی بەسەر تاوانی ئابوریدا وەک قاچاخیکردن,تاوانی سیاسی وەک سیخوڕی کردن و کردەوەی ئاژاوەگێرانە و تیرۆرستانە.لەروی پێکهاتەوە ئاسایش دابەشکرا بۆ چوار بەڕێوەبەرایەتی بۆ چاودێریکردنی پارێزگاکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی و بەشێک لە کەرکوک.هەریەک لەوبەرێوەبەرایەتیانە پێکهاتوە لە هۆبەی رامیاری و هۆبەی ئابوری و هۆبەی یاسایی.79 بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی پێکهێنرا بۆ چاودێریکردنی سەرجەم بەشەکان.هەمیشەش سەرۆکی بەرێوەبەرایەتیەکان کەسانی مەدەنی بون.

لەکاتێکدا کە کارمەندانی ئاسایش لایەنگیریی حیزبییان هەیە,سەرکردە سیاسیەکانی کورد لەساڵانی نەوەدەکاندا هەوڵی راستەقینەیاندا لەسەردەمی بەرەی یەکگرتودا بۆ یەکخستنی لاوەکی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش.لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی وەزیران هەنگاوی تایبەتی دەستنیشانکرد بۆ برەوپێدانی رونی (شەفافیەت) و بەرپرسیاریەتی دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا.بەشێک لەراهێنانی کارمەندانی ئاسایش بەمەبەستی زیادکردنی ئاستی هۆشیاریان بوو دەربارەی یاسای تاوانەکانی عیراق و یاسای سزادان.هەروەها پێدانی زانیاری دەربارەی ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەی پەیوەستن بە جێبەجێکردنی یاساوە.80 بەڵام هیچ بەدواداچون بۆ ئەم پرۆسانە نەکراو لەهەمان کاتدا ئیرادەی سیاسی بۆ لێپێچینەوەی کارمەندانی ئاسایش لەکاتی سوکایەتیکردن بەزیندانیاندا زۆر لاواز بوو.بەوشێوەیە هانی کەشوهەوایەکی بێ لێپێچینەوە درا کە هەتا ئەمرۆش باوە.

لەپاش هەرەسهێنانی بەرەی یەکگرتو و ئەوکاتەی کە پێکدادانی چەکداریی گەیشتە لوتکە لەناوەراستی نەوەدەکاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەجیاو لەناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی خۆیان هێزەکانی ئاسایشیان بەرێوەدەبرد.هەتاوەکو کۆتایی ساڵی 2004,ئەم هێزانە لەژێر وەزارەتی ناوخۆی حیزبەکاندا مانەوە بەچەند گۆڕانکارییەکی کەمەوە لەپێکهاتەو سنوری دەسەلاّتیاندا.لەهەردولاش ئاسایش لەنزیکەوە کاریاندەکرد لەگەڵ دەزگای هەوڵگری حیزبەکەیاندا.دەزگاکەی (پ.د.ک) بریتیە لە دەزگای پاراستن و مەسرور بارزانی سەرپەرشتی دەکات. 81 و ئەوەی (ی.ن.ک) بریتیە لە دەزگای زانیاری لەژێر چاودێری خەسرەو گوڵ محمەد.82 ئەرکی سەرەکی ئەم دەزگایانە کۆکردنەوەی زانیاریە کەپەیوەندی بەئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت.لەروی رەسمییەوە,دەسەلاّتی دەسگیرکردن و زیندانیکردنیان نیە,هەروەها دەسەلاّتی ئەوەشیان نیە هیچکام لە گرتوخانەکان بەرێوە ببەن.هەریەک لەو دەزگایانە هاوکاری و هاوبەشیی زانیاری هەیە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی سەر بەپارێزگای ژێر دەسەلاّتیاندا.لەهەندێ حاڵەتدا هێزەکانی ئاسایش کەسانێک دەخەنە زیندانەوە کە لەلایەن یەکێک لەو دەزگایانەوە دەستنیشان کرابێ یان ئەوان لێی بەپرس بن.83 لەسەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ئازاری ساڵی 2003 و لەوکاتەوەی هەرەشەی هێرشی چەکداریی و خراپ بونی باری ئاسایش زیادیکردووە,هاریکاریی نێوان هەردوو دەزگاکانی پارتی و یەکێتی لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایشیاندا زۆر بەرزە.

لەکۆتایی ساڵی 2004 و سەرەتای ساڵی 2005 دا هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەنگاویان هەڵهێنا بۆ لابردنی هێزەکانی ئاسایش لەژێر دەسەلاّتی وەزارەتەکانی ناوخۆیاندا.دوو پارتەکە لەو روەوە هیچ هەماهەنگییەک نەبوو لەنێوانیاندا,بەڵکو هەریەکەو سەبەخۆیانە پرۆسەکەی دەستپێکردو میکانیزمی جیاوازی بەکارهێنا.پارتی لەلایەن خۆیەوە دەسەلاّتێکی

نوێی پێکهێنا بەناوی (لیژنەی گشتی بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق) ئەو لیژنەیە دامەزرا لەمانگی دوانزەی 2004 دا بەپێی یاسای 46 ی ساڵی 2004. 84 هۆکارەکانی پشت دامەزراندنی ئەو دەزگایە بریتیە لە "رێکخستن و یەکخستنی سەرجەم دەزگاکانی ئاسایش لەناو چوارچێوەیەکی یەکگرتودا...بەمەبەستی دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ هاریکاری و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری و پتەوکردنی هەوڵەکانی ئاسایش و گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان دەزگا ئاسایشیەکانی فیدراڵ و ئیقلیمی".85 بەپێی مادەی 6 ی یاساکە,سنوری دەسەڵاتی لیژنە گشتییەکە,بوارەکانی بەگژاچونەوەی مادەی بێهۆشکەر و تیرۆریزم و سیخوڕیی دەگرێتەوە,لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەرەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و پەیوەندی بون بە دەزگا ئاسایشیە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وڵاتەوە.هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی تاوانباری گومانلێکراو لەنێوان دەزگا ئاسایشیەکانی فیدراڵی و ئیقلیمیدا و گواستنەوەی کەیسەکانیان بەپێی ئەو میکانیزمەی یاسا دایناوە.86 لیژنەی گشتی ئاسایش "لەروی دارای و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆیە" بە بودجەی خۆیەوە.87 حاڵی حازر مەسرور بەرزانی سەرۆکی لیژنەکەیە و بەپێی یاسا لەئاستی وەزیردایە.88

لابردنی ئاسایش لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتیدا کەمتر رون بوو وە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئاگادری هیچ یاسایەک نیە کە سەرکردایەتی یەکێتی لەوبارەیەوە دەریکردبێت.لەوەدەچێت جەلال تاڵەبانی,ئەو کەسەی کە دواجار دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری گوێی لێدەگرن,لەسەرتای ساڵی 2005 دا بریارێکی لەوشێوەی دەرکردبێت.89 لەژێر ئەم بارودۆخە نوێیەدا,ئاسایش بەشێوەیەکی رەسمی راپۆرتی خۆی دەداتە عومەر فەتاح,ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.90 ئەم گۆڕانکاریەش راستەوخۆ ئاسایش دەخاتە دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەتەوە.بەوشێوەیە زیاتر وەک دەزگایەکی حیزبی دەمێنێتەوە نەک لقێک لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەت.

هەمان جۆر لەنیگەرانی هەیە بەتایبەتی نەبونی چاودێری,دەربارەی لیژنە گشتیەکەی پارتی.لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی رونتر و بەپێی یاسا دامەزراوە,لیژنە گشتیەکەی ئاسایش وەلأمی حیزب دەداتەوە نەک حکومەت,کە هیچ یان رادەیەکی کەم چاودێری هەیە بەسەر لیژنەکەدا. 91 مادەی 4 ی یاساکە کە لیژنەکەی پێکهێناوە سەرەک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپشک دەکات کە لیژنەکە بەرێوەببات لەکاتی ئامادەنەبونی سەرۆکی لیژنەکە خۆیدا.شایەنی باسە ئەوەش بەدەگمەن چاودێری حکومەت دەسەپێنێت بەسەر لیژنەکەدا و لەهەمان کاتدا یاساکە هیچ میکانیزمێکی لەخۆنەگرتووە بۆ لێپێچینەوەی سەرۆک لیژنەو هیچکام لەئەندامەکانی.

لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەمانگی مایسی 2005 دا,دەزگاکانی ئاسایشی هەردوو حیزب بەردەوام بون لەکارکردن بەشێوەیەکی جیاو تەریب.رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئەو راستیە دەزانێت کەداهاتوی ئەم هێزانە لەژێر باس و لێکۆڵینەوەدایە وجارێکی دی خستنەوەیان بۆ ژێر دەسەلأتی وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لە ئیختیارەکان.وەک لەسەرەوە تێبینی کرا,وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لەو چوار وەزارەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چاوەروان ناکرێ تا ماوەی ساڵێک یەک بگرێتەوە.بەواتایەکی دی واتە تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی 2007.لەمانگی ئابی 2006 دا دەسەلأتدارانی کورد بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە پرۆژەی یاسایەک بۆ چاککردنی ئەو یاسایەی ئێستای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان 92 ئامادەکراوە کە پێشنیاری گواستنەوەی سەرجەم گرتوخانەکان,بەوانەی ژێر دەسەلأتی ئاسایشیشەوە دەکات بۆ ژێر دەسەلأتی وەزارەتی داد.تاکاتی نوسینی ئەم راپۆرتە ئەو بابەتانە لەژێر باسدا بوون.

وەک لەسەرەوە تێبینی کرا,گرتوخانەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاسایش لەم کاتەدا بەکاردەهێنرێن بۆ زیندانیکردنی ئەو کەسانەی گومانی کاری شێواندنی ئاسایش و تیرۆریان لێدەکرێت لەگەل کردەوەی تاوانی مەزن.ئەم گرتوخانانە تەنها بۆ ئەوە دروستبون گومانلێکراوان پێش دادگاییکردنیان تێدا هێڵرێنەوە,تاوەکو تەواو بونی لێکۆڵینەوەکەیان و گواستنەوەیان بۆ بەردەم دادگا.دواتر بەپێی یاسا پێویستە ئاسایش زیندانیی حوکمدراو بگوێزێتەوە بۆ گرتوخانەی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ کە لەژێر سەرپەرشتی هێزەکانی پۆلیسدایە,تاوەکو ماوەی حوکمەکانیان تەواو دەکەن.93

پێکهاتەو رێکخستنی هێزەکانی ئاسایش و گرتوخانەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو پارتی و یەکێتی لەیەک دەچن.بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی پارتی لەشاری هەولێرەو هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆک دەگرێتەوە.حاڵی حازر عیسمەت ئەرگوشی بەرێوەبەرێتی دەکات.لەهەمان کاتدا چەند بەرێوەبەرایەتیەکی دیکە هەن لەئاستی پارێزگاکاندا.ئاسایشی دهۆک لەژێر بەرێوەبەرایەتی سەعید سنجاری.ئاسایشی هەولێر کە بەرێوەبەرەکەی عەبدولاّ عەلی یە.لەچەند شارۆچکەیەکدا لقیان هەیە وەک زاخۆو ئاکرێ و شەقلاۆە.بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی یەکێتی لەشاری سلێمانیە و سەرپەرشتی ئەو پارێزگایەو بەشێک لەپارێزگای کەرکوک دەکات و سەیفەدین عەلی بەرێوەبەرێتی دەکات.ئەو بەرێوەبەراتیەی لەئاستی پارێزگادایە بریتیە لەئاسایشی سلێمانی کە لەناو شاردایە.لەکاتی سەردانەکەماندا بۆ کوردستان بەرێوەبەرەکەی سەرکەوتی کوبە بوو,بەڵام ئێستا عەقید حەسەن نوری یە.لقەکانی دیکە بریتین لەئاسایشی هەولێر لەشارۆچکەی کۆیەو ئاسایشی گەرمیان لە کەلار و ئاسایشی کەرکوک لە قەرەهەنجیرو ئاسایشی شارەزور لە نزیک شارۆچکەی هەڵەبجە.

وەک یاسایەکی گشتی,گرتوخانەکانی ئاستی پارێزگاکان تەنها زیندانیانی ئەو پارێزگایە دەسبەسەر دەکەن,لەکاتێکدا کە گرتوخانەکانی ئاسایشی گشتی,زیندانیانی پارێزگاکانی دیکەش گل

دەدەنەوە.لەناویشیاندا پارێزگاکانی دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و هاولاتیانی نا عێراقی.لەراستیدا بە هێشتنەوەی زیندان لەهەردوو جۆر لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی کاتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەرەباڵخیی,دەبێتە مایەی کەڵەکە بون.

## ئاسایش و پێشێلکردنی پرۆسەی یاسایی

بەشێوەیەکی رۆتین ئاسایش مافە یاساییەکانی گومانلێکراوانی تیرۆر و تاوانەکانی دیکەی ناو گرتوخانەکان پێشێل دەکات.ئەم پێشێلکردنانەش سەرپێچی کردنە لەیاسا ناوخۆییەکانی عێراق و یاسا نێودەوڵەتیەکان.لەوانەش ئاگادار نەکردنەوەی زیندانی لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی,نەهێنانی دەستگیرکراو بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵەر لەکاتی خۆیدا,فەراهەم نەکردنی میکانیزمێک کە دەستگیرکراو بتوانێ داوای چاوخشاندنەوە بکات بە دەستگیرکردنەکەیدا,نەبونی دادگاییکردن بەبێ دواکەوتن,نەبونی دەسترەسی بۆ راوێژکاری یاسایی,هێشتنەوەی دەستگیرکراو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پێش دادگاییکردن و هەروەها وەرگرتنی دانپیانان بە زۆرەملێ.

زۆرترین سکاڵا کە زیندانیانی ژێر دەستی ئاسایش بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت ئەوە بوو کە بێئاگا بون لە باری یاسایی خۆیان و نەیاندەزانی چ کاتێک کەیسەکانیان چارەسەر دەکرێت. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بۆیدەرکەوت کە بەرپرسانی کورد گومانلێکراوانی تیرۆریان بۆ ماوەی درێژخایەن هێشتبویەوە کەدەگەیشتە ماوەی نێوان یەک بۆ پێنجساڵ.ئەم دەستگیرکراوانەش لەتۆمەتەکانیان ئاگادار نەکرابونەوە و هەلێکیشیان نەدرابویە تا داوای چاوخشاندنەوە بکەن بە دەستگیرکردنەکەیاندا.لەوکەسانەی کە بەگومانی تاوانی مەزن دەستگیرکرابون هەندێکیان لەلایەن دادگای تاوانەکانەوە تەبریە کرابون یان ماوەی حوکمەکەیان تەواو کردبوو,بەڵام ئاسایش لەگرتوخانە هێشتبونیەوە.

عەبدول کە لەمانگی ئۆکتۆبەری 2001 دا چوبوو لەئاسایش مۆڵەتی مانەوە لەسلێمانی وەربگرێت و هەر ئەو کاتە دەستگیرکرابوو,بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت:

"کێشەی سەرەکی من ئەوەیە بۆچی حوکمم نادەن.داوای دادگایی کردنم کردوەو دەمەوێ لەیاسا تێبگەم.لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا,بەلاّم من نازانم لەکوێم.کاتێکیش پرسیارم لێکردن هیچ وەلاّمیان نەدامەوە.لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا ئەشکەنجە درام.هەندێ جاریش دەخرامە نێو تاکەکەسی.کاغەزیان خستە بەردەستم و منیش لەژێر فشاردا ئیمزام کردن.تا ئێستا دادوەرم نەدیوە."94

فازیل کە لەنیسانی 2005 وە لەئاسایشی هەولێر دەستبەسەر بوو هەمان جۆر لەنائومێدی دەربڕی "ئەگەر هیچم لەسەر نیە بۆچی دەستگیریان کردوم؟وە ئەگەر شتێکیشم کردوە بۆچی حوکم نادرێم؟وێرانیان کردوم."95

زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەهەردوو گرتوخانەکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتیدا دەستگیرکرابون کەسانێک بون کە بەتۆمەتی کاری تیرۆریستی و ئاژاوەگێری و سیخوڕی و قاچاخیی مادەی بێهۆشکەرو کوشتنەوە دەستگیرکرابون.زۆربەی ئەوانەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن کوردی عێراقی بون و لەهەرێمی کوردستان دەستگیرکرابون,زۆریان بەتۆمەتی ئەندامێتی لەو گروپە چەکدارانە دەستگیرکرابون کە کاری توندوتیژییان ئەنجامداوە لەناوچەکە یان بەرپرسیارییان راگەیاندوە بۆ ئەو کارانە.لەوگروپانەش ئەنسار ئەلئیسلام و ئەنسار ئەلسونەو و جەماعەتی تەوحیدو جیهادو ئەلقاعیدە.بەپێی قسەی بەرپرسانی کورد,هێزەکانی ئاسایش زۆربەی ئەو دەستگیرکردنانەیان ئەنجامداوە لەسەر بنەمای زانیاری هەواڵگری و چاودێریکردنی

گومانلێکراوەکان لەماوە کاتی جیاوازدا.لەهەمان کاتدا کەسانێکی دیکەشیان لەئەنجامی ئەو دانپیانانەدا دەستگیرکردبوو کە زیندانیانی دیکە دەیاندایە هێزەکانی ئاسایش.

هەندێ لەوکەسانەی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ قسەی لەگەڵ کردن ئەوەیان وت کە بەڵێ پەیوەندیان ئەو گروپانەوە هەبووە یان ئەوەی کە لەپاش ئەنجامدانی کاری چەکداریدا یان لەکاتی هەوڵداندا بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجی دیاریکراو دەستگیرکرابون.بەڵام ئەمەیان زۆر دەگمەن بوو.زۆربەی زیندانیان نەیاندەزانی بۆچی دەستگیرکراون و دەیانوت تەنها بە "ئیسلامی" لەقەڵەم دراون.

جەمال کە لەلایەن ئاسایشەوە لەمایسی 2004 دا دەستگیرکرابوو پێی وتین :ئاسایش هاتن و بردمیان بۆ بیانەیەی کۆنی ئاسایش.تۆمەتباریان کردم بەوەی لەناو گروپی ئەنسار ئەلئیسلامدام.منیش پێموتن کە ساڵ و نیوێکە لەناو ئەو گروپە نەماوم.یەکەم رۆژ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم.بەڵام لەوکاتەوە هیچ بەدواداچونی دیکە نەبووە.دادوەری لێکۆڵەرم نەدیوە.لێرە جێیانهێشتوم وەک ئەوەی نەبم.نە لێکۆڵینەوەو نە دادوەر.هەروەک ئەوەی کە لەگرتوخانەکەیاندا نەبم.96

هادی کە لەئایاری 2005 ەوە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرابوو بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "تەنها تۆمەتی من ئەوەیە هەندێ هاورێ دەناسم کە تۆمەتی ئیسلامی بونیان لەسەرە.لەساڵی 1991 وە هیچ پەیوەندیم پێیانەوە نەماوە و ئەو گروپە ئیسلامیەشی پەیوەندیم پێیەوە هەبوو ئێستا هەڵوەشاوەتەوە."97

ئەوانی دیکە دەیانوت تەنها وەک بارمتە لەبری کەسوکارێکیان گیراون کە دەسەڵاتداران بەدوایاندا دەگەڕێن.زیندانییەکی تەمەن 18 ساڵ بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە ماوەی 19

مانگە لەئاسایشی هەولێر دەستبەسەرە لەبری باوکی.98 دوو زیندانیی دیکە وتیان لەبری براکانیان دەستگیرکراون.یەکێکیان کەناوی فوئاد بوو بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "لە 24ی حوزەیرانی 2005 دا وەک بەدیلی براکەم دەستگیرکرام.هیچ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکردووم.وێنەیان گرتم و فۆرمێکم پڕ کردەوە.لەفۆرمەکەدا لێیان پرسیم براکەم لەکوێیە.هیچ شتێکیان لەسەر من نیە.من تەنها بەدیلم.براکەم چوار پێنج ساڵە لەماڵ دەرچووە.تۆمەتبار کراوە بە تیرۆریزم"99

دیار بوو زیندانیان بێئاگان لەمافە یاساییەکانی خۆیان.زۆربەیان داوایان پێشکەش نەکردبوو بۆ هەبونی راوێژکاری یاسایی:زۆرجار دەستگیرکراوان لەئاستێکدا نەبون کەهەوڵی وەدەستهێنانی راوێژکاری یاسایی بدەن ئەویش یان بەهۆی کەم دەرامەتیەوە یان ئەوەی کە چەند مانگی سەرەتای دەستگیرکردنیان هیچ پەیوەندییەکیان بەدەرەوە نەبووە یان ئەوەی نەیانزانیوە کە لەبەرژەوەندیاندایە ئەو کارە بکەن و مافی خۆیانە (تەنانەت یەک دەستگیرکراویش لەوانەی کەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی پێیان کەوت لەلایەن کاربەدەستانی گرتوخانەوە پێی نەوترابوو کە مافی گرتنی راوێژکاری یاسایی هەیە).لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زیندایان ئەوەیان راگەیاند کە لە24 کاتژمێری سەرەتای دەستگیرکردنیاندا نەبراونەتە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر.100 هیچ جارێک چاویان بە دادوەری لێکۆڵەر نەکەوتوە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەوێن, وە بێئاگا بون لەوەی کە هیچکام لەو بەرپرسانەی گرتوخانە چاویان پێی کەوتبوو دادوەر بوبێت.

بەرپرسانی ئاسایش ئەم بانگەشانەیان رەتکردەوەو بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە هەموو کەسێکی ژێر دەستی ئەوان بەشێوەیەکی رێکوپێک لەماوەیەکی کەمدا پاش دەستگیرکردنیان دەبرێنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر,ئیفادەیان لێوەردەگیرێت و درێژکردنەوەی ماوەی دەستگیرکردنیان هەماهەنگە لەگەڵ یاسای تاوانەکانی عیراقیدا.101 بەپێچەوانەوە زیندانیان باسی ماوەی درێژخایەنی

ناو زیندانی تاکەکەسیان کرد کە لەهەمان کاتدا کارمەندانی گرتوخانە ئازاری جەستەییان داون و زۆریان لێکردون دانپیانانێک ئیمزا بکەن کە دەقەکەیان نەخوێندوەتەوە.(ئازاری جەستەیی زیندانیی بەوردی لەبەشی حەوتەمدا لەخوارەوە باسکراوە).ئیبراهیم بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "حەوت مانگ لەزیندانی تاکەکەسی بوم و دەست و چاوم بەسترابوون.لە ئاسایشی کۆنی هەولێر.دوای حەوت مانگ لەتاکەکەسی دەریانهێنانم.وە دوای هەشت مانگ هێشتیان کەسوکارم سەردانم بکەن."102

ژمارەیەکی کەم لەوزیندانیانەی کەدادوەر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردبون وتیان کە لێکۆڵنەوەکە تەنها چەند دەقیقەیەکی خایاندوە و تیایدا دادوەرەکە تەنها داوای لێکردون پشتراستی ئەوقسانە بکەنەوە کە لە "دانپیانانەکەدا" کردویانە.پاشان دادوەرەکە فەرمانیکردوە بگەڕێنەوە بۆ ناو ژورەکانیان و لەوە بەدواوە چیدی نەیانزانیوە دواتر چی دەبێت.بێ جیاوازی, ئەمەش ماوەی درێژی دەستەبەسەرکردن بووە بەبێ هیچ جۆرە پرۆسەیەکی یاسایی.

رون نەبوو لەسەر چ بنەمایەک دادوەرانی لێکۆڵەر ماوەی دەستگیریەکەی نوێ کردوەتەوە بۆ زیندانیانێک کە بە گومانی کردەوەی تیرۆریستی دەستگیرکراون بەتایبەتی لەکاتێکدا کە دەسەلأتداران خۆیان دەیانوت ئەو یاسایەی ئێستا لەکاردایە ئەو جۆرە تاوانانە ناگرێتەوە.لەهەمان کاتدا رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هیچ بەڵگەیەکی وەهای نەبینی ئەوە نیشانبدات کە دادگای تاوانەکان فەرمانی نوێکردنەوەی ماوەی دەستگیرکردنەکان بدات لەدوای شەش مانگی یەکەم بۆ ئەو زیندانیانەی دادگایی نەکراون.هەریەک لە دەزگاکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتی تەنها یەک دادوەری لێکۆڵەریان هەیە.103 ئەو دادوەرە لێکۆڵەرەوانەی دیکە کە سەربە ئاسایش نین چاو بەگرتوخانەکاندا ناخشێنن.لەرابردودا هەندێ دادوەری لێکۆڵەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە

ئەگەر بێتو ئەو کەیسانە بێتە بەردەستیان دەسبەجێ فەرمانی ئازادکردنی زیندانیان دەردەکەن چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی دەستبەسەرییان.

ئەو دادوەری لێکۆڵینەوەیەی کە دیاریکراوە بۆ پێداچونەوەی کەیسی دەستگیرکراوانی ئاسایشی پارتی,ئامادە نەبوو چاوی بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بکەوێت و پێشنیاری ئەوەیکرد کە رێکخراوەکەمان بچێتە لای هۆبەی کاروباری یاسایی لەئاسایشی گشتی.سەرۆکی ئەو بەشەش کە ئەرکی سەرەکی ئامۆژگاریکردنی یاسایی کارمەندانی ئاسایشە رایگەیاند کە دادوەرێکی لێکۆڵەر چاو بەکەیسی هەموو زیندانیاندا دەخشێنێت و بێگومان پاش "درەنگ کەوتن لەهەندێ لەحاڵەتەکاندا"104 بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێریش عەبدولاّ عەلی بۆچونی هاوشێوەی دەربڕی و بەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "ئاسایش تەنها ژمارەیەکی کەم دەستگیرکراوی بەشێوەیەکی نایاسایی گل داوەتەوە."هەروەها رازی بوو کە فایلی دەستگیرکراوانی ژێر دەسەلاّتی خۆیمان بخاتە بەردەست بۆ دڵنیا کردنەوە.105 رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێشوازی لەو ئامادەبونە کرد بەلاّم تا کاتی نوسینەوەی ئەم راپۆرتە ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا فایلەکان تاقی بکاتەوە.

لەکۆبونەوەیەکدا لە 8ی ئابی 2006 لەگەڵ دادوەر سیروان ئەحمەد ساڵح,کە دادوەری پێداچونەوەی کیسی دستگیرکراوانی ئاسایشی یەکێتیە,بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە ئەو دەستگیرکراوانەی تۆمەتێکیان دەدرێتە پاڵ کە بەپێی یاسای تاوانەکان شایەنی سزایە,کەیسەکانیان دێنە بەردەست ئەو بۆ پێداێونەوە.ئەو جۆرە تاوانانەش بریتین لە کوشتن,قاچاخیی مادەی بێهۆشکەر,ساختەکاری,سیخوڕی و قاچاخیکردنی شتی ئەنتیکە و کۆن.دادوەر وتی هەرچەندە کە بەپێی یاسای تاوانەکان بە کەیسەکاندا دەچێتەوە بەلاّم ناتوانێ لەوماوەی 24 کاتژمێرەدا کە یاسا دایناوە چاوی بە هەموو کەیسەکان بکەوێت."ژمارەی کەیسەکان زۆرن.لانی کەم رۆژانە 20

کەیس.بۆماوەی دە مانگ من تاکە کەسێک بوم کە ئەو کارەم دەکرد.ئێستا دوو لێکۆڵەری قەزاییم هەیە بۆ هاوکاریکردنم کە دوو سێ مانگ لەمەوپێش بۆ ئەم کارە دیاریکران.بەڵام هێشتا روبەروی نزیکەی 12 رۆژ درەنگ کەوتن دەبینەوە تا ئەو کاتەی ئیفادەی دەستگیرکراو وەردەگیرێت."
دەربارەی گومانلێکراوانی تیرۆر,دادوەر سیروان وتی "سەرجەم ئەو کەسانەی لەژێر یاسای دژە تیرۆردا تۆمەتبارکراون دێنە بەردەست من,بەڵام ئەوانی دی نا.چ پێویست دەکا بیانبینم ئەگەر نەتوانم هیچیان بۆ بکەم؟من تەنها ئەو کەیسانە دەبینم کە ئاسایش بۆم دەنێرێت.من ناڵێم ئەوە ئەرکی من نیە,بەڵام بریارێکی سیاسیە."106

وتەکانی ئەو هەماهەنگ بوو لەگەڵ هەندێ قسەی عەقید حەسەن نوری,سەرۆکی هۆبەی سیاسی لە ئاسایشی یەکێتی لەسلێمانی سێ مانگ لەوەوپێش.عەقید حەسەن بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت:دادوەر سیروان تەنها ئەو کەیسانە دەبینێت کە لەچوارچێوەی یاسادان,وەک کوشتنی بەئەنقەست,سیخورپیکردن و تاوانەکانی دیکە.لەم حاڵەتانەدا ئاگاداری دەکەینەوە لەدستگیرکردنەکان و ئەویش بریار دەدا کە ئایا گومانلێکراو لەگرتوخانە بمێنێتەوە یان نا.سەرەتا ئیفادەی گومانلێکراو لەلایەن ئەفسەری لێکۆڵەرەوە وەردەگیرێت.پاشان لەلایەن لێکۆڵەری قەزایی و دواتر دەچێتە بەردەست دادوەری لێکۆڵەر.ئەم پرۆسەیە تیرۆریستان ناگرێتەوە."107

لەکۆبونەوەیەکدا لە بەرواری 8ی ئابی 2006 لەگەڵ وەزیری داد فاروق جەمیل,ناکۆک بوو لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە ئاسایش زۆربەی دەستگیرکراوانی نەبردبویە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر پاش دەستگیرکردنیان.بە خەملاندنی ئەو بەنیسبەت دەستگیرکراوانی لای یەکێتی تەنها "لەسەدا حەوت"ی دەستگیرکراوان لەناو ئەو چوارچێوەیەدان.ئەوانی دی هەموو

چاویان به دادوەر کەوتووە.108 بەڵام ئەو داتایەی کە عەقید حەسەن نوری دوو ڕۆژ دواتر ختسیە بەردەستمان پێچەوانەی قسەکانی وەزیر بوون.

عەقید حەسەن وتی کە لەکۆی 244 دستگیرکراوی ئاسایشی سلێمانی لە 10ی ئابدا "تەنها نزیکەی 50 بۆ 60 گل دراونەتەوە بەبێ دەستڕەسی بە دادوەر."109 لە ڕۆژانی 9 و 10ی ئابدا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سەردانی زیندانی مەعەسکەر سەلامی کرد.بەپێی قسەی بەرپرسانی گرتوخانەکە ژمارەی ئەو زیندانیانەی لەوێ بون لەرۆژی 9ی ئابدا 111 کەس بون و لە 10ی ئابدا 124 کەس.110

***بانگەشەی تێوەگلانی ئەمریکا لەگواستنەوەی دەستگیرکراوان بۆ گرتوخانەی ئاسایش***

لەکاتی سەردانەکانماندا بۆ گرتوخانەکانی ئاسایشی یەکێتی و پارتی, ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی بە 12 دەستگیرکراوی عێراقی کەوت کە ڕایانگەیاند لەلایەن هێزی هاوبەشی سوپای عێراق و ئەمریکاوە دەستگیرکراون و دواتر گوستراونەتەوە بۆ گرتوخانەی ژێر دەستی دەسەڵاتدارانی کورد.111 زۆربەیان مسوڵمانی سونی بون کە لەنێوان ئۆکتۆبەری 2004 و نیسانی 2005 دا لەپارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک دەستگیرکرابون.112 حەوت کەسیان وتیان کە پێش گواستنەوەیان بەرپرسانی سوپای ئەمریکا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردون.هیچکام هۆکاری دەستگیرکردنەکانی دیار نەکردبوو.دوانیان وتیان کە سوپای عێراق و ئەمریکا لە ئەنجامی پشکنینی گەڕەکەکانیاندا دەستگیریانکردون کە چەندین کەسی دیکەشی لەخۆگرتووە,پاشان تۆمەتباریان کردون بەهێرش کردن کە تەقەمەنی تێدا بەکارهاتووە.لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دەستگیرکراوان نەیاندەتوانی زانیاری تەواو بدەن دەربارەی ئەوەی کێ دەستگیری کردون وە لەوەدەچوو کە هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراقی تێکەڵ بکەن.بەهەمان شێوە دەربارەی سوپای

ئەمریکا,دەستگیرکراوان زانیارییان نەبوو دەربارەی ئەو یەکەیەی سوپا کە پێدەچێ دەستی هەبوبێ لەدەستگیرکردنیان.بەسادەیی دەیانوت "ئەمریکیەکان".(هەروەها رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ قسەی لەگەڵ سێ دەستگیرکراوی دیکە کرد کە وتیان ئەمریکیەکان دەستگیریان نەکردون,بەلاّم پێش گواستنەوەیان بۆ گرتوخانەی ژێر دەسەلاّتی کورد,کارمەندی سوپای ئەمریکا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردون."113

بەرپرسانی ئاسایش رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان دڵنیا دەکردەوە لەوەی ئەو 12 دەستگیرکراوە بەشێک بون لە کۆمەڵێکی گەورەتر کە بەوشێوەیە هاتبونە ژێر دەستی ئەوان.بەرپرسانی یەکێتی هیچ زانیاری زیاتریان لەبارەی ئەو کەیسانەو ژمارەیانەوە نەدا بەدەستمانەوە.تەنها ئەوەندەیان دەوت کە گواستنەوەی زیندانیان رویداوە.لەناوەڕاستی مانگی ئایاری 2006 دا بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتی,عیسمەت ئەرگوشی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە ئەو زیندانیانە بەشێکن لەکۆمەڵێکی گەورەی 300 بۆ 400 کەسی کە هێزە هاوبەشەکانی سوپای عێراق و ئەمریکا بە زۆری لەموسڵ دەستگیریان کردون و دواتر گواستویانننەتەوە بۆ ژێر چاودێری پارتی لەکۆتایی 2004 و سەرەتای 2005دا.کاتێک داوای ئەوەی لێکرا هۆکاری ئەو گواستنەوەیە رونبکاتەوە,پێی وابوو کە نە سوپای ئەمریکا و نەسوپای عێراق متمانەی ئەوەیان بە پۆلیسی عێراقی نەبوو کە ئەو کەسانە لەگرتوخانەدا بهێڵنەوە.لەبەرئەوە داویانەتنە دەست دەسەلاّتدارانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها ئەوەشی وت کە ئەم گواستنەوانە کێشەی بۆ ئاسایشی پارتی دروستکردووە,نەک تەنها لەبەرئەوەی باری قەرەباڵخیی ناو گرتوخانەکان ئاڵۆزتر دەکات بەڵکو بەوەی کە ژمارەی دەستگیرکراوان زیاد دەکات کەهیچ حاڵەتێکی یاساییان نیە.عیسمەت ئەرگوشی وتی کە سوپای

ئەمریکا هیچ وردەکارییەکی دەربارەی ئەو تاوانانە نەداوە بەدەستەوە کە ئەو کەسانە پێی هەستاون "هەروا بەبێ زانیاری داویانن بەسەرماندا,ئەمریکییەکان هیچ جۆرە زانیارییەکان لەگەڵمان باس نەکردوە دەربارەیان.هەرگیزیش نەهاتنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن." عیسمەت ئەرگوشی وتی کە پارتی ناو بەناو زۆربەیانی ئازاد کردووە ,بەڵام هێشتا نزیکەی 30 تا 40 کەسێکیان لاماوە.بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت"دەمانەوێ بەشێوەیەکی یاسایی بیاندەینەوە دەست ئەو شوێنانەی کە دادگا تیایاندا بەرقەرارەو تاوانەکە تیایدا رویداوە." هەروەها گەشبینی خۆی راگەیاند کە ئەو مەسەلەیە لەماوەی "یەک مانگدا" چارەسەر دەکرێت.هەروەها ئەوەشی باسکرد کە هەرچەندە حاڵی حازر میکانیزمێک لەئارادا نیە بۆ گەراندنەوەیان,بەڵام پارتی دوو هەفتە پێشتر ژمارەیەکی کەم دەستگیرکراوی داوەتەوە دەست پۆلیسی موسڵ.نەیدەزانی دواتر چیان بەسەر هاتووە.وتیشی ئەگەر دەستگیرکراوەکانی دیکە بەهەمان شێوە نەگوازرێنەوە,ئەوا پارتی هەمویان ئازاد دەکات "بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنە ئەمریکیەکان".114

بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی یەکێتی,سەیفەدین عەلی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "سەبارەت بە تیرۆریزم پەیوەندیمان باشە لەگەڵ ئەمریکیەکان.رێی تێدەچێ زیندانیمان هەبێ لەگرتوخانەکانمان کە جێگای گرنگیی ئەوان بێت و پێچەوانەکشی راستە.بەیەکەوە لێکۆڵینەوە ئەجام نادەین,بەڵام زانیارییان لەگەڵ ئاڵوگۆر دەکەین.هەندێ جار خەڵکمان دەدەنە دەست لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان,وەک کەرکوک.هەندێجاریش ئێمە دەستگیرکراویان دەدەینە دەست." سەیفەدین عەلی رون نەبوو دەربارەی ژمارەی ئەو دستگیرکراوانەی لەناو ئەو پرۆسەی گواستنەوەیەدان.115

لەکۆتایی مایسی 2006 دا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ مەسەلەی گواستنەوەی دەستگیرکراوانی باسکرد لەگەڵ مەیجەر جەنراڵ جۆن دی گاردنەر,فەرماندەی چالاکیەکانی دەستگیرکراوان لە هێزە فرە نەتەوەکان و وردەکاری کەیسی ئەو 12 زیندانیەی دایە دەستی کە لەسەرەوە باسکران.مەیجەر جەنراڵ گاردنەر بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە هیچ زانیاری نیە دەربارەی دەستگیرکراوانێک کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بەفەرمانی سوپای ئەمریکا دەستبسەر بن.داوای زانیاری زیاتری کرد دەربارەی ئەو یەکانەی سوپا کە دەستیان هەبووە لەو دەستگیرکردن و گواستنەوانەدا 116 و لەئەستۆی گرت کە بەدواداچون بۆ ئەو کەیسانە بکات کە درانە دەستی.هەروەها وتیشی کە دەسەڵاتدارانی کوردستان نابێ بەناوی هێزە فرە نەتوەکانەوە هیچ دەسگیرکراوێک گل بدەنەوە.وە دەبێ هەوڵ بدەن سەرجەمی ئەو دەسگیرکراوانە ئازاد بکەن بەپێی یاسای عێراقی.117

لەناوەڕاستی ئابی 2006 دا جەنراڵ گاردنەر بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوتووە تیوەگلانی سوپای ئەمریکا نیشانبدات لەدەسگیرکردن و لێکۆڵینەوەو گواستنەوەی ئەو 12 دەسگیرکراوەدا.پاشان وتی کە کاتێک لەئەنجامی چالاکی هاوبەشدا لەگەڵ سوپای عێراق گومانلێکراو دەستگیر دەکرێت,سوپای ئەمریکا ئەو تۆمارانە هەڵناگرێت.تەنها کاتێک نەبێ کە دەستگیرکراو بگوازرێتەوە ژێر دەستی بەشی چالاکی دەسگیرکراوان.118 لە ڕۆژی 17 ی ئابدا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لیستی 25 دەسگیرکراوی عێراقی دیکەی دایە دەست مەیجەر جەنراڵ گاردنەر کە لەگرتوخانەی پارتیدا بون.چەند ڕۆژێک لەوەوبەرو لەسەر داوای ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ,بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتی, عیسمەت ئەرگوشی ئەو لیستەی ئامادە کردبوو.119 هەروەک جاری پێشوو نزیکەی هەموو 25 دەستگیرکراوەکە عەرەبی

سوننه بون و لەئەنجامی چالاکی سەربازی هاوبەشی سوپای عێراق و ئەمریکادا لەکۆتایی ساڵی 2004 و سەرەتای 2005 دا لەناوچەکانی موسڵ دەستگیرکرابون.

لەسەربنەمای ئەمەو ئەو زانیاریانەی دیکەی کە خرانە بەردەستی,مەیجەر جەنراڵ گاردنەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە راستەوخۆ لەگەڵ دەسەلاتدارانی کورددا بەشوێن ئەو مەسەلەیەدا دەچێت.بەوشێوەیە لە 1ی ئەیلولدا لەهەولێر چاوی بە عیسمەت ئەرگوشی کەوت و لە 11ی ئەیلولی 2006دا لەسلێمانی چاوی کەوت بە سەیفەدین عەلی.دەربارەی کۆبونەوەکانی,گاردنەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە داوای زانیاری زیاتری کردوە دەربارەی ئەو کەیسانەی کە گوایە سوپای ئەمریکا دەستگیرکراوی گواستوەتەوە بۆ گرتوخانەی ژێر چاودێری پارتی یان یەکێتی.هەروەها رایگەیاند کە لەهەردوو کۆبونەوەکەدا رونی کردوەتەوە کە هێزی فرەنەتەوەکان نایەوێت لەسەر داوای ئەوان هیچ جۆرە دەستگیرکراوێک بهێڵرێتەوە.120 یەکێتی زانیاری دەربارەی ئەو کەیسانە نەدایە گاردنەر بەلام پارتی زانیاری پێشکەشکرد.چەند رۆژ دواترو لەکۆبونەوەیەکدا عیسمەت ئەرگوشی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە لیستێکی تەواوی ناو و وردەکارییەکانی داوەتە دەستی.رونی نەکردەوە کە چەند ناو لەلیستەکەدا بون,بەلام وتی کە هەمان زانیاریشی ناردوە بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەغدا.لەناو لیستەکەدا,عیسمەت ئەرگوشی وتی کە بەڵگەی تەواو هەبوو تا 40 تا 50 دەستگیرکراویان بدرێنە دادگا.سەبارەت بەوانی دیکەش چاوەڕێی وەلام دەبێت لەوەزارەتی ناوخۆ و چالاکی دەستگیرکراوانی هێزە فرەنەتەوەکانەوە.وتی ئەگەر وەلامیان نەبوو,ئەوا فەرمانی ئازادکردنیان دەردەکات.121

لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا مەیجەر جەنراڵ گاردنەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە تیمێکی لێکۆڵینەوە لەلایەن چالاکیەکانی دەسگیرکردنەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆر لەو

دەسگیرکراوانەدا دەکات کە لەلیستەکەی پارتیدان,بەهیوای وەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ئەگەری تێوەگلانی ئەمریکا لەگواستنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردستان.دوای چەند رۆژێک هەندێک لەو چاوپێکەوتنانە ئەنجامدرا.122 لەسەر رۆشنایی ئەو ناو و زانیاریانەی دیکەی کە پارتی فەراهەمی کردبوو,تیمە لێکۆڵەرەوەکە پەیوەندیکرد بەسوپای عێراقیەوە لەموسڵ کە گوایە دەستیان هەبوبوو لە گواستنەوەی دەستگیرکراوان.بەدوادا چونی ئەو کەیسانە تا کاتی نوسینی ئەم راپۆرتە بەردەوام بوو.لەکۆتایدا گاردنەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە ئەنجامی بەدواداچونەکانی دەداتە وەزارەتی داد لە بەغداو لەهەولێر.هەروەها داوا لەدەسەڵاتدارانی کوردستان دەکات کە هەوڵی رزگارکردنی دەستگیرکراوەکان بدەن بەپێی یاسای عێراقی.123

لە 12ی مانگی یانزەی 2006 دا مەیجەر جەنراڵ گاردنەر بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە نامەی بۆ وەزیری دادی پارتی,فاروق جەمیل نوسیوەو پێی راگەیاندوە کە لێکۆڵینەوەکەی هێزە فرەنەتەوەکان تەواو بوە دەربارەی کەیسی سەرجەم ئەو دەستگیرکراوانەی لەموسڵەوە گواستراونەتەوە بۆ ژێر دەستی پارتی.رایەگەیاند کە هێزە فرەنەتەوەکان نەیانتوانیوە بزانن کام دەستگیرکراو لەسەرەتادا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراون,بەلام ئەوەی رونکردوەتەوە کە دەستگیرکردنی زیاتری ئەو کەسانە لەبەرژوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکان و عێراقدا نیە.گاردنەر داوای هاوکاری کردوە لە وەزارەتی داد بۆ هەرچی زوتر بەسەلامەتی ئازادکردنی دەسگیرکراوان بۆ ناو کەسوکاریان,لەحاڵەتێکدا نەبێ کە دادوەرێکی لێکۆڵەر پاش پێداچونەوەی کەیسەکان بەڵگەیەک بدۆزێتەوە کە بەپێی یاسا درێژکردنەوەی ماوەی دەستبەسەرکردنی چەند کەسێکی دیاریکراو رەوا ببینێ.گاردنەر داوای ئەوەشی کرد کە وەزارەتی داد دەسبەجێ ئاگاداری بکەنەوە لەئازاد کردنەکان.

## ئەشکەنجەدان,خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندان و خراپی بارودۆخی ناو زیندان

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەسەرجەم گرتوخانەکانی ئاسایشدا گوێبیستی دەنگۆی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەلەکردن بوو لەکاتی سەردانەکەیدا لەمانگی نیسان و ئایار و ئابدا.زۆربەی ئەو زیندانیانەی قسەمان لەگەڵ کردن وتیان کە بەرپرسانی ئاسایش ئەشکەنجەیان داون یان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کردون جارێک لەجارەکان لەوکاتەوەی کە دەستگیرکراون.بەتایبەت لەچەند هەفتەی سەرەتای دەستگیرکردنیاندا کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا بەمەبەستی وەرگرتنی "دانپیانان" عیسام,یەکێک لەزیندانیان بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت:

"یەکەم ڕۆژی دەسگیرکردنم لەلایەن ئاسایشەوە,دەوروبەری سەعات 10 ی شەو بانگکرام بۆ لێکۆڵینەوە.لێکۆڵینەوەکە لەژورێکی نزیکدا ئەنجامدرا.ژورەکە نوێ دیار بوو.پێیان وتم کە لەماڵەکەمدا موشەکم هەیەو شایەتیشیان هەیە لەوبارەیەوە.بەڵام هیچ موشەک نەبوو لەماڵەکەمدا و من ڕەتمکردەوە دان بەشتێکدا بنێم کە بونی نیە.دەستیان بەستم و بە کێبڵ ودار لێیاندام و بە بۆکس کەوتنە گیانم.دوو کەس بوون.ناویان نازانم.من لەهۆش خۆم چوم و دواتر لەزیندانی تاکەکەسی خەبەرم بویەوە.پاشان ئەفسەرێک کاغەزو قەڵەمێکی دایە دەستم و پێموترا دانپیانانەکەم بنوسم.ئەفسەرەکە پێی وتم: دانپیانانێک هەڵبەستە ئەگەر پێویست دەکات.بۆیە منیش وامکردو پەنجەمۆرم کرد."124

جەواد وتی کە ئەشکەنجە دراوە و ئەشکەنجەکەی لەکارەبادانیشی لەخۆگرتووە "پۆلیس و ئاسایش هاتن بۆمان بۆماڵەوە.پاشان دەستیانکرد بە ئەشکەنجەدان و لێدانمان.نەمدەزانی لەکوێم.لەکاتی ئەشکەنجەدانمدا کارەباو کێبڵیان بەکارهێناو هەروەها هەڵیانواسیم و لێیاندەدام.چاوم بەسترا بوو.پێیان وتم دەبێ دان بەوەدا بنێی کە هێرشت کردوەتە سەر پۆلیس و گاردی نیشتمانی و پێشمەرگەو ئەمریکیەکان.لەژێر ئەشکەنجەدا دانم بەوەدا نا کە هێرشم کردوەتە سەر ئەمریکیەکان.وتم هێرشم کردوەتە سەریان بەوەی پێنج کاتیۆشام تێ هاویشتون."125

لەهەندێ حاڵەتی دیکەدا زیندانیا باسیان لەوەکرد کە ئاسایش کارەبای داوە لەشوێنی هەستیاری لەشیان وەک شلکەی گوێ.لە یەکێک لەحاڵەتەکاندا زیندانییەک وتی کە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر.

هەندێ زیندانیی دیکە رایانگەیاند کە ئەشکەنجەدراون بەتۆمەتی ئەوەی سەرپێچی یاساکانی ناو گرتوخانەیان کردووە. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نەیتوانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەم دەنگۆیانە پشتڕاست بکاتەوە.لەهەمان کاتدا کۆمەڵێ لەزیندانیان جێگای برین و لێدانیان نیشاندراین کە دەیانوت لەکاتی ئەشکەنجەداندا توشی بوون.بەڵام لەزۆربەی کەیسەکاندا چەند مانگ یانساڵێک بەسەر ئەو کاتەدا تێپەریبوو کە باسیان لێوەدەکرد,بۆیە پشتڕاستکردنەوەی کارێکی ئەستەم بوو.

شایەنی باسە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بروای وایە کە ئەوباسی سوکایەتی پێکردنانە هەموو باوەرپێکراون.لێکچون هەبوو لەنێوان چیرۆکی ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن و شێوازەکانی لەسەرجەم گرتوخانەکاندا.هەروەها هاوشێوە بون لەگەڵ ئەو چیرۆک و دەنگۆیانەی کە لەرابردودا رێکخراوەکەمان لەکوردستان بیستبونی.ئەو شێوازەی کە لەهەموو زیاتر باسدەکرا بریتیبوو لەلێدانی لەش و بەکارهێنانی ئامێری وەک کێبڵ و سۆندەو دارو شیشی کانزایی.زیندانیان ئەوەیان راگەیاند کە

بەرپرسانی ئاسایش هەر لەیەکەم ساتی دەستگیرکردنیانەوە یان یەکەم ساتی گەیشتنە ناو گرتوخانە دەستدەکەن بەلێدانیان تەنانەت پێش دەستپێکردنی هیچ لێکۆڵینەوەیەک.باسی ئەوەیانکرد کە چۆن کارمەندانی ئاسایش شەق و زللەیان لێداون و بۆماوەی چەندین رۆژی لەدوای یەک بەچاوبەستراوی و دەست بەستراوی جێیانهێشتون.

بەپێی وتەی زیندانیان بەکارهێنانی شێوازی فشار زۆر باو بوو.زیندانیان ئەوەیان راگەیاند کە کارمەندانی ئاسایش بەشێوەیەکی ئازاربەخش قۆڵیان با داون.دەستێکیان بەرزدەکرێتەوە و دەبرێت بۆ پشتی سەری و دەستەکەی دیکەش بۆ خوارەوە بۆ لای ناوقەدو دواتر بۆ دواوە.ئینجا لەدواوە هەردوو دەستی زیندانیەکە بە کەلەپچە دەبەستنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ.

زۆر لەزیندانیان بۆ ماوەی درێژخایەن بە چاوبەستراوی و قۆڵ بەستراوی هێڵرابونەوە.جیبریل وتی "بۆ ماوەی 10 مانگ پاش دەستگیرکردنم چاو و دەستم بەسترابوو.هەفتەی یەکەم هەردوو دەستم لەپشتمەوە بەسترابون.هەرجارێکیش کە دەبرام بۆ سەرئاو لێدانم دەخوارد."126 هادی و کەمالیش هەمان ماوەی درێژخایەنیان دوپات کردەوە (ماوەی نۆ مانگ و حەوت مانگ و نیو) کەتیایدا چاو و دەس بەسترا بون.127

زۆربەی ئەو زیندانیانەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ قسەی لەگەڵ کردن,وتیان کە ئاسایش خستونیەتە زیندانی تاکە کەسیەوە وەک بەشێک لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە و هەندێ جاریش وەک سزادان.لەهەندێ حاڵەتدا لێکۆڵینەوەکە دوو یا سێ مانگی خایاندووە.بەرپرسانی ئاسایش هەندێ لەو ژورانەیان نیشاندایین کە شوێنی زیندانی تاکە کەسیی بون بەڵام لەوکاتەدا چۆڵ بون.عادەتەن ژورەکان زۆر بچوک بون.روبەری 2 مەتر بە یەک مەترو نیو بەبێ بونی روناکیی سروشتی یان

هاتوچۆکردنی هەوا.هەندێ لەزیندانیان وتیان کە کارمەندانی ئاسایش لێیان داون ئەو کاتەی لە تاکەکەسیدا بوون.یان ئەوەی کە گوێیان لەدەنگی لێدان بووە لە ژورەکانی نزیکیان.هەروەها ئەوەشیان باسکرد کە لەوکاتەدا ئاسایش برێکی زۆر کەم خواردنیان داونەتێ یان بۆ ماوەی چەند رۆژی لەدوای یەک هیچ خواردنیان نەداونەتێ.بەپێی یاسای نێودەوڵەتی,ماوەی درێژخایەن لەزیندانی تاکەکەسیدا یان یان هێشتنەوەی زیاندانی تێیدا بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو,لەئاستی ئەشکەنجەدایە.128

شان بەشانی ئەشکەنجەی جەستەیی,کۆمەڵێ لەزیندانیان باسی ئەوەیانکرد کە بەرپرسانی ئاسایش خستبونیانە ژێر فشاری دەرونی بۆ زیادکردنی ئەشکەنجەکەیان.بۆ نمونە هەرەشەی ئەوەیان لێکردون کە بۆ هەتایە دەیانهێڵنەوە,لەسێدارەیان دەدەن یان ئەوەی ئەشکەنجەی ئەندامانی خێزانەکەیان دەدەن.هەندێکیش لەزیندانیان ئەوەیان بۆ باسکردین کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسیان لێکراوە.دوو برا,کەریم و خالید کە بەیەکەوە دەسگیر کرابون بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت "یەکێک لە کارمەندانی ئاسایش پێی وتین کە ئەگەر دایک و باوکمان پرسیارمان لێبکەن پێیان ناڵێین کە ئێوە لێرەن."129

باری ئەو شوێنانەی کە ئاسایش زیندانیەکانی تێدا هێشتبویەوە جۆراوجۆر بوو,بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خراپ بوو.130 کێشەی سەرەکی زۆربەی گرتوخانەکان کێشەی قەرەباڵخیی بوو کە هەندێ جار زۆر دژوار بوو.لەئاسایشی گشتی هەولێر روبەری ژورەکان 5 بە 6 مەتر بوو لەهەمان کاتدا نزیکەی 60 زیندانیی لەخۆگرتبوو.زیندانیان سکاڵای ئەوەیانکرد کە شوێنی ئەوە نەبوو بخەون. بۆئەوەی جێگای خۆیان بکەنەوە دەبوایە هەموو لەسەرلا راکشێن نەک لەسەرپشت.131 رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هەمان جۆر لەبارودۆخی بینی لە گرتوخانەی سلێمانی کە

ئاسایشی سلێمانی و ئاسایشی گشتی بەیەکەوە بەکاریدەهێنن.ژورە قەرەباڵخەکان زۆر جار تاریک و شێدار بون بەبێ بونی روناکیی سروشتی یان تەنها کەمێک روناکیی.باری تەندروستی و پاکوخاوێنیش زۆر نزم بوو.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکاندا چەندین کاتژمێری لەناو ژوری زیندانەکاندا بەسەر بردووە.ئەگەر نەڵێین هەموو ئەوا زۆربەی زیندانیان بەدەست کێچ و کێشەی پێستەوە دەیانناڵاند.هەروەها رێکخراوەکەمان ژمارەیەک زیندانیی بینی کە زەردو لاوازو نەخۆش دیار بون.بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە کارمەندانی گرتوخانە بەهیچ شێوەیەک ناهێڵن ژورەکانیان بەجێبهێڵن تەنها بۆ کاتی سەرئاو نەبێت.هەروەها رێیان نەداون مەشقی رۆژانەیان بکەن لەناو حەوشەی گرتوخانەدا بۆ ماوەی درێژخایەن کە چەند مانگێکی خایاندووە.لەوماوەیەشدا هیچ تیشکی خۆریان نەدیووە یان زۆر بەکەمی.132

### *نەبونی لێپێچینەوە بۆ ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن*

سەرەڕای رەتکردنەوە لەلایەن بەرپرسانی پارتی و یەکێتیەوە,ئاشکرا بوو کە ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان رویدابوو.هەروەها ئەوەی ئاسایش کەمترین هەوڵی دابوو بۆ سزادانی ئەو کارمەندانەی بەشداریان کردووە لەو کردارەدا.

بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتی,عیسمەت ئەرگوشی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت "ئێمە رێنومایی دیارو ئاشکرا دەدەینە ئەفسەرانی لێکۆڵینەوەمان.ئەگەر ئەشکەنجەش روبدات ئەوا من ئاگام لێی نیە."133 لەو حاڵەتانەدا دەبێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە سەیری ئەو تۆمەتانە بکات کە دەدرێنە پاڵ ئەو ئەفسەرەی هەستاوە بە ئەشکەنجەدان.لیژنەکە پێکهاتووە لەسێ ئەندام کە کارمەندی

ئاسایشن:نونێەرێکی یەکەی یاسایی,ئەفسەرێکی ئیداریی و ئەفسەرێکی لێکۆڵەر.ئەگەر بێتو لیژنەکە تۆمەتەکان پشت راست بکاتەوە,ئەوا پێشنیاری سزادانی کارمەندەکە دەکات.134 بەرپرسێکی پارتی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە هەتا ئەمرۆ هیچ حاڵەتی لەوجۆرە روینەداوە.135

ئاسایشی یەکێتیش وتی کە لەوحاڵەتانەدا هەنگاوی هاوشێوە هەڵدەهێنێت.سەیفەدین عەلی,بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی پێی وتین: ئێمە بە زیندانیی دەڵێین "مەترسە لێتنادەین."ئەڵبەتە هەندێک جار هەیە کەلێدان رودەدات,بەڵام من دەڵێم کە لەسەدا 95 ی کات لەزیندانیی نادەین.ئەو پرۆسەیەشی کە بەکاریدەهێنین خستنە بەردەستی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە.ئەفسەری تۆمەتبار سەرزەنشت دەکرێت و رەنگە لەریزەکانی ئاسایش لابرێت و بگوازرێتەوە بۆ ناو هێزەکانی پۆلیس.ئەمەش سزایەکی توندە بۆی چونکە کارمەندانی ئاسایش هیوایان بەکارەکەیان زیاترە.هەندێ جاریش لیژنەکە پێشنیاری نزمکردنەوەی پلەی ئەفسەرەکە دەکات.من خۆم دوا کەسم ئەو فایلە دەبینم.تەماشای پێشنیارەکانی لیژنەکە دەکەم کە بریاریداوە ئایا سوکایەتی پێکردنەکە بەئەنقەست بووە یان نا.عادەتەن لەگەڵ پێشنیارەکان کۆکم.136

سەیفەدین عەلی وتی جارێکیان کارمەندێکی گرتوخانە دەسبەسەرکراوە لەبەرئەوەی لە زیندانییەکی دابوو:"ئەمەش کاتێ رویدابوو کە یەکێک لەزیندانیان لەدوای نوێژکردن جنێوی بە حکومەتی کوردی دابوو وە دوعای کردبوو بروخێت.کارمەندەکە دانی بەوەدا نا کە لەزیندانییەکەی دابوو. ئێمەش لیژنەیەکی سێ ئەندامیمان پێکهێناو سزاکەی نۆ رۆژ دەسبەسەرکردن بوو.ئەمە حاڵەتێکی نوێ بوو وە پێدەچێ کارمەندەکە ئێستاش دەسبەسەر بێت."137

بەشێوەیەکی گشتی,بەرپرسانی ئاسایش ئەو باسانەی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردنیان ڕەتدەکردەوە کە زیندانیان دەریاندەبری.لەزۆر کاتیشدا بە هەڵبەستراویان لەقەڵەم دەدان.سەیفەدین عەلی وتی "هەندێ زیندانی دەڵێت لێی دراوە.من راشکاوانە پێتدەڵێم کە ئەو حاڵەتە رودەدات,بەڵام ئەوانیش قسە هەڵدەبەستن.دەڵێن گوایە دەستیان لەپشتەوە بەستراوەتەوە بەشێوەیەکی ئازاربەخش.یان شێوازی دیکەی لەو شێوەیە."138 عیسمەت ئەرگوشی بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتیش وتی کە زۆر لەزیندانیە کۆنەکان ئامۆژگاری زیندانیە نوێیەکان دەکەن تا قسە هەڵبەستن."139

هەرچەندە لەهەندێ حاڵەتدا کە لیژنەی لێکۆڵینەوە پشتراستدەکاتەوە کە ئەشکەنجەدان رویداوە,بەڵام بەرپرسان ساردن لە جێبەجێکردنی یاساکان و ناردنی ئەفسەرەکە بۆ بەردەم لێکۆڵەرەوەی یاسایی.بەنیسبەت یەکێتی یەوە,سەیفەدین عەلی بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت کە ئەو یاسایە کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس ناگرێتەوە چونکە هەموو لەچوارچێوەی سەربازیدا سەیردەکرێن,لەبەرئەوە پێویستە بۆ سزادان و چاککردنیان پەنا ببرێتە بەر یاسای سزادانی سەربازیی "ئێمە ئەمرۆ ئەو یاسایەمان هەیەو ئەوەش بەکاردەهێنین.ئەستەمە لەشەورۆژێکدا یاسا بگۆرپت.ئەگەر یاسا گۆڕا ئەوا ئەو کاتە منیش جێبەجێی دەکەم."140

ئەمەش پێچەوانەی ئەو چەند حاڵەتەیە کە تیایدا بەرپرسانی کورد ئەفسەرو کارمەندی ئاسایشیان کە سوکایەتی بە زیندانی کردووە ناردوەتە بەردەم دادگایی ئاسایی تاوانەکان لەکوردستان.هەروەها ناگونجێ لەگەڵ ئەو یاسایەی کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا پەیرەودەکرێت,کە لەرێیەوە هێزەکانی ئاسایشی وەزارەتی ناوخۆ دەکەونە بەردەم یاسای سزادانی تاوانەکان نەک ئەو یاسایەی کە بۆ هێزە چەکدارەکانی سوپایە.

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ هەمیشە داوای لەسەرکردەو بەرپرسانی هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە کە بهێڵن ئەو کارمەندانەی سوکایەتی و خراپ مامەڵەی زیندانیان دەکەن بدرێنە دەست لێکۆڵینەوەی تاوانەکان.لەراستیدا جیبەجێکردنی ئەم لایەنە لەکوردستاندا تەنها لەچەند حاڵەتێکی تایبەتدا بووە نەک وەک یاسایەک.هەروەها نەبونی ئیرادەی سیاسی کەشوهەوایەکی خولقاندووە کە هێزەکانی ئاسایش خراپ مامەڵەی زیندانی دەکەن بەبێ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ.کارمەندەکان ئەوە دەزانن کە دواجار گەورەکەیان دەیانپارێزێت و لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر سزادان ئەنجامبدرێت ناگونجێ لەگەڵ ئەو تاوانەدا کە کارمەندەکە ئەنجامی داوە.سەرەڕای ئەو سیاسەتی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردنەی کە دەسەلاتدارانی کوردستان رایدەگەیەنن,ئەو چەند هەنگاوە کەمەی کە گرتویانەتەبەر کاریگەری نەبووە دژی سوکایەتی و خراپ مامەڵەکردن.

## ڕێگرتن لەسەردانەکانی کەسوکار

زۆربەی ئەو زیندانیانەی کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ قسەی لەگەڵ کردن دەیانوت کە بەرپرسانی گرتوخانە زۆربەی جار ناهێڵن کەسوکاریان سەردانیان بکەن یان ئەوەی کە کاتی تەواویان نادرێتێ لەکاتی سەرداندا.

بەرپرسان بەردەوام ناهێڵن کەسوکاری گومانلێکراوان سەردانیان بکەن بەتایبەت لەماوەی سەرەتای دەسگیرکردنیاندا,ئەو کاتەی کە بەرپرسان لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن.هەندێ جار ئەو ماوەیە چەند مانگێک دەخایەنێت.لەهەمان کاتدا ڕێگرتن لەسەردانکردنی کەسوکار زیاتری خایاندوە بۆ تەنانەت دوای تەواو بونی لێکۆڵینەوە.ژمارەیەکی زۆر لەوزیندانیانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدرا وتیان کە بەرپرسانی گرتوخانە دایانبڕیون لەپەیوەندیکردن بە کەسوکاریانەوە,هەندێ جار ئەو ماوەیە دوو ساڵی خایاندووە.فوئاد وتی کە لەوەتەی دە مانگ لەوەوپێش و دەسگیرکرابوو هیچ پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە نەبوو "کارمەندانی ئاسایش پێیان نەدەوتم بۆچی سەردانم نەدەکرا."141 هەردو برا کەریم و خالید کە حەوت مانگ پێش چاوپێکەوتنەکەی ئێمە دەسگیرکرابون وتیان "ڕێگامان پێنەدراوە پەیوەندی بەکەسوکارمانەوە بکەین و ئێستا ئەوان نازانن کە ئێمە لێرەین."142

ئەو زیندانیانەی کە لەلایەن کەسوکاریانەوە سەردانیان کرابوو گلەیی ئەوەیاندەکرد کە سەردانەکە تەنها چەند دەقیقەیەکی خایاندووە هەروەها لەناو ژوری بەرێوەبەری گرتوخانەکەدا ئەنجامدراوە و بەئامادەبونی بەرپرسەکان.نەبیل دەیوت کە لەماوەی یەک ساڵ دەسبەسەریدا تەنها یەک جار ئاسایش ڕێی داوە کەسوکارەکەی سەردانی بکەن "لە 20 ی نیسانی 2006 دا ڕێگایان دام بۆ ماوەی تەنها

سێ دەقیقە هاوسەرەکەم و خوشکەکەم ببینم.لەوکاتەوە وا لەناو تاکەکەسیدام (انفرادی)"143
عیسام وتی کە دوای سێ مانگ لەناو زیندانددا بەرپرسانی گرتوخانە تەنها یەکجار رێیاندا
کەسوکارەکەی سەردانی بکەن ئەویش تەنها بۆ ماوەی یەک تا دوو دەقیقە.144 ناسر رایگەیاند
"دوای نۆ مانگ تەنها یەکجار چاوم بەدایکم کەوت بۆ ماوەی پێج دەقیقە.کەسێکیان دانابوو تا
چاودێری قسەکانمان بکات.ئەمەش لە بەرواری 9ی شوباتی 2006 دا بوو."145

## هیوای باشبوون

لەمانگی نیسانی 2006 دا کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی پارتی وتی ئەو کاتەی کە یاسای دژە تیرۆر دەخرێتە کار,ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئامادەی کردوە و کاری تیرۆرستی دەخاتە لیستی تاوانەکانەوە,باری یاسایی گومانلێکراوانی تیرۆر رون دەبێتەوە.هەروەها ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەو یاسایە بۆ سەردەمی پێش خۆی بەکارنایەت و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە حاڵی حازر لەناو گرتوخانەکاندان.146 ئەگەر گومانلێکراوانی تیرۆر پێش دەرچونی ئەم یاسایە دەستگیرکراون ئەوا "پێویستە ببرێنە بەردەم داداگای تاوانەکان.بەم یاسایە حوکم نادرێن." هەروەها وتیشی "پێویستە بەپێی یاسای سزادان و پرۆسەی تاوانەکان ئازادبکرێن." کەریم سنجاری باسی "ترسناکیی" تاوانەکانیان و ئەو ئەزمەیەی کرد کە دەسەڵاتدارانی کوردستان روبەروی بونەتەوە کە نە دەتوانن بیاندەنە دەست دادگا وە نە دەتوانن ئازدیان بکەن.سنجاری وتی "بەدوای رێگا چارەیەکدا دەگەرێین بۆ ئەم مەسەلەیە.چارەسەرێکی واقیع بینانەمان بدەنێ."147

لەو چاوپێکەوتنەوە چاوپێکەوتنەکانی دیکەدا,رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە پابەندبون هەبێت لە یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤەوە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانی لەئازادییان بێبەشکراون و لەحاڵەتی چاوەڕوانیی دادگاییکردندان.رێکخراوەکەمان پێشنیاری ئەوەی کرد کە وەک چارەسەرێکی کاتیی,لیژنەی یاسایی ئاسایش چاوبخشێنێتەوە بە کەیسی ئەو زیندانیانەی چاوەڕوانی دادگایی کردن و ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆرە دەسبەسەرن بەبێ دادگایی.وەزیری داد,فاروق جەمیل,بێ لایەنیی نواند بەرامبەر پێکهێنانی لیژنەیەکی لەوشێوەیە و باسی لەوەدەکرد کە دەسەڵاتدارانی بواری یاسا خەریکی خستەگەڕی یاسایەکن کەحاڵی حازر

لەکاردایەو یاسای نوێی لێدەکەوێتەوە بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی پارتی و یەکێتی.وەزیری داد هەروەها بە رێکخراوەکەمانی وت کە پرۆژەیەکی یاسایی وەزارەتی داد پێشنیاری پێکهێنانی بەرێوەبەراتیەکی گشتی زیندانیان دەکات لەژێر دەسەلاّتی وەزارەتی داد دا.بە بەرپرسیارییەت لەسەر سەرجەم زیندانیان لەهەرێمی کوردستان.148 وەزیری داد هیوای وابوو کە ئەگەر بریاری لەسەربدرێت,ئەو یاسایە وەلاّمی هەندێک لەنیگەرانیەکانی ئێمە دەداتەوە.149

لەرۆژی 10ی ئایاری 2006 دا و دوای سەردانکردنی گرتوخانەکانی ئاسایش لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی, رێکخراوەکەمان چاوی کەوت بە سەرۆک مەسعود بارزانی.رێکخراوەکەمان دەرەنجامەکانی خۆیی خستە روو کە ئەم خاڵە سەرەکیانەی لەخۆ گرتبوو:زیندانییکردنی درێژخایەنی گومانلێکراوانی تیرۆرو تاوانەکانی دیکە بەبێ دادگاییکردن,نەناردنی زیندانیان بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵەر بەپێی یاسا,دەسگیرکردنی کەسانێک لەبری خزم و کەسوکاریان کە ئاسایش بەتۆمەتی پەیوەندی بەکاری تیرۆرستیەوە بەدوایاندا دەگەرێت,جێبەجێنەکردنی بریارەکانی دادگا,ئازادنەکردنی کەسانێک کە دادگا لێیانخۆش بوبوو یان زیندانیانێک کە ماوەی زیندانیەکەیان تەواو کردبوو,خراپیی باری ناو زیندان,خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و ماوەی درێژخایەن لە زیندانی تاکەکەسیدا.150

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ جەختی کردەوە لەسەر زەروریەتی چاوپیاخشاندنەوەیەکی خێرای یاسایی بۆ کەیسی سەرجەم زیندانیانی ژێر دەسەلاّتی ئاسایش.چاوپیاخشاندنەوەیەکی سەربەخۆیانەی لەوشێەوەیە کارئاسانی دەکات بۆ دەسەلاّتداران بۆ ئازادکردنی ئەم کەسانەی لای خوارەوە:ا-زیندانیانێک کە چیدی هەرەشە نین بۆ سەر باری ئاسایش یان هەرەشەیکی کەمتر

دەنوێنن.ب-زیندانیانێک کە حوکمدراون ماوەی حوکمەکەیان تەواوکردووە.ج-زیندانیانێک کە فەرامۆشکراون و پشتگوێ خراون.

دوابەدوای ئەم گفتوگۆیانە,سەرۆک بارزانی هاوبیر بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەو نیگەرانیانە چارەسەربکەن ئەگەر بەراستی بارودۆخی گرتوخانەکانی ئاسایش بەوشێوەیە کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ باسی لێوەدەکات.پێشنیاری سازدانی کۆونەوەیەکی کرد لەداهاتویەکی نزیکدا بە ئامادەبونی وەزیری ناوخۆو بەڕێوەبەری دەزگاکانی ئاسایش تاوەکو ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بتوانێ دەرەنجام و تێبینیەکانی خۆی بخاتە روو پێش بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە.151

لەکاتێکدا کە کۆبونەوە پێشنیارکراوەکە لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی ئەنجامنەدرا,ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بوو لەگفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار.ڕۆژێک پاش چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی,چاومان کەوت بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پارتی,عیسمەت ئەرگوشی کە پێی وتین "دوێنی لەگەڵ بەڕیوەبەری گرتوخانەکان کۆبوینەوەو لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ پێداچونەوەی کەیسی سەرجەم ئەو زیندانیانەی کە نەدراونەتە دادگا." هەروەها وتی کە لیژنەکە لەماوەی پێنج ڕۆژی داهاتودا بە کەیسەکاندا دەچێتەوە سەردانی گرتوخانەکانیش دەکات.152 بەڵام رونی نەکردەوە کە ئەندامانی لیژنەکە کێن و پێداچونەوەکە چۆن ئەنجامدەدرێت یان ئەوەی چ هەنگاوێک هەڵدەهێنن کاتێک پێداچونەوەکە تەواو دەکەن.چەند ڕۆژێکیش پێش ئەوە,بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی یەکێتی,سەیفەدین عەلی بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی رایگەیاند کە فەرمانی کردووە بەپێداچونەوەی کەیسی زیندانیان کە بریارە لەچەند رۆژی ئایندەدا دەسبەکار بێت.هەروەها ئەوەیشی باسکرد کە پێداچونەوەیەکی پێشتر پێشنیاری ئازادکردنی 60 زیندانی کردووە,بەڵام

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نەیتوانی دڵنیا بکاتەوە کە ئایا ئەو کەسانە ئازادکراون یان نا.153

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێشوازی لەو هەنگاوی چاوپیاخشاندنەوەیە کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی وتیان ئەنجامیدەدەن بەرامبەر کەیسی ئەو زیندانیانەی لەژێردەستی ئەواندان و دادگایی نەکراون.لەنێوان مانگەکانی مایس بۆ کانونی یەکەمدا,ئاسایش چەند سەد زیندانیەکی ئازاد کرد (هەرچەندە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نازانێت چەند لەوکەسانە لەئەنجامی پێداچونەوەکان بووە.)شایەنی باسە کە ئەو جۆرە هەنگاوانە لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە پێویستە لیژنەیەکی سەربەخۆی یاسایی هەبێ کە هیچ پەیوەندی نەبێ بە دەزگاکانی ئاسایشەوە,تاوەکو پێداچونەوەیەکی وردو ڕونی کەیسی زیندانیان بکات و پێشنیاری خۆی بداتە دەسەڵاتدارانی یاساو ئەنجامی پێداچونەوەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکات.

## پێشنیارەکان

***بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان***

**دەربارەی دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و زیندانیکردن**

- بەشێوەیەکی خێرا لیژنەیەکی قەزایی سەربەخۆ پێکبهێنە بۆ پێداچونەوەی باری یاسایی ئەو زیندانیانەی لەژێر چاودێری هێزەکانی ئاسایشدان.
- دەسبەجێ حوکم بدرێت بەسەر ئەو زیندانیانەی حاڵی حازر دەسبەسەرن یان ئازاد بکرێن.
- دەسبەجێ سەرجەم ئەو زیندانیانە ئازادبکرێن کە ماوەی حوکمەکەیان تەواو کردووە.هەر زیندانیەکی حوکمدراویش کە ماوە بگوازرێتەوە بۆ گرتوخانەیەک کە لەژێر چاودێری هێزەکانی پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆدایە بەپێی ئەو یاسایەی لەکاردایە.
- دڵنیا بکرێتەوە لەوەی ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن لەماوەی 24 کاتژمێردا دەبرێنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر,بەپێی پرۆسەی یاسای تاوانەکانی عێراقی.
- میکانیزمێکی قەزایی کارگەر پێکبێت تاوەکو زیندانی بتوانێ پرسیار لەبنەمای دەستگیرکردنەکەی بکات.
- میکانیزمێکی قەزایی کاریگەر فەراهەم بکرێت بۆ ئەوەی دەسبەجێ زیندانیان دادگاییەکی عادیلانە بکرێن بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵیان.
- دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کە کەسوکارو راوێژکاری یاسایی دەتوانن دەسبەجێ پەیوەندیان بە دەستگیرکراوەوە هەبێ.
- بەکارهێنانی دانپیانان وەک بنەمایەک بۆ دەستگیرکردنی پێش دادگایی کردن سنوردار بکرێت.یان حوکمدان بەهۆی دانپیانانێکەوە کە لەبەردەم راوێژکارداو لەماوەی 24

کاتژمێردا دەکرێت و دادوەرو راوێژکاری زیندانیەکە پەسەندی دەکەن.ئەو بەشانەی یاسای تاوانەکان هەڵبوەشێننەوە کە ئەو دانپیانان و بەڵگانە بەکاردەهێنێت کە لەرێی ئەشکەنجەدان و شێوازی زۆرەملێیەوە وەدەسکەوتون.

- دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کەهێزەکانی ئاسایش رەچاوی ئەو یاسا ناوخۆییانە دەکەن کە دەبێ فەرمانی دەستگیرکردنیان پێبێت لەدەسەلاتێکی قەزاییەوە پێش دەستگیرکردن جگە لەوحاڵەتانەی کە تاوانەکە لەکاتی رودانداپە.

***دەربارەی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن***

- بەئاشکرا ئیدانەی کرداری ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن بکرێت و بێ پێچ و پەنا رابگەیەنرێت کە سوکایەتیکردن بەزیندانی قبوڵ ناکرێت.
- دەسبەجێ لەهەموو ئەو دەنگۆیانەی ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردنانە بکۆڵرێتەوە و دڵنیا بکرێتەوە کە ئەو پاسەوان و لێکۆڵەرو کارمەندانەی ئاسایش کە تۆمەتبار دەکرێن بە بەد رەفتاری روبەروی لێپێچینەوەی یاسایی و سزادان دەبنەوە.لەو روەوە لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی دەنگۆی ئەشکەنجەدان لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە.
- دەسبەجێ تاقیکردنەوەی تەندروستی بۆ ئەو زیندانیانە بکرێت کە بانگەشەی لێدان و ئازار دەکەن.
- دڵنیا بکرێتەوە کە زیندانیان چاودێری تەندروستی رێکوپێکیان هەیە.
- قەرەبوی قوربانیانی ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی بکرێتەوە بە یەکسانی و خێرایی.

*دەربارەی دەسترەسی زیاترو رونیی (شەفافیەت)*

- دڵنیا بکرێتەوە کە سەرجەم زیندانیان لەشوێنانی دیاردا رادەگیرێن تا پشکنینی حکومەت و پشکنەری سەربەخۆو کەسوکارو پارێزەر دەستیان پێی بگات و سەرادەنەکانیشیان بەردەوام و بێ بەربەست بێت.
- پێویستە وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی سەرجەم گرتوخانەکان بکات و مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و بارودۆخیان هەڵبسەنگێنێت و ئەنجامەکان بەئاشکرا بلاّوبکاتەوە.
- کارئاسانی پێویست بکرێت بۆ رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی تاوەکو سەردانی گرتوخانەکانی پێش دادگایی کردن و پاش حوکمدان بکات هەروەها دڵنیا بکرێتەوە کە بەرپرسانی گرتوخانە سەرجەم زیندانیان دەخەنە بەردەست لەکاتی سەردانەکەدا.
- دڵنیا بکرێتەوە کە سەرجەم گرتوخانەکانی ئاسایش والاّیە لەبەردەم رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا.

*دەبارەی پەیرەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان*

- دڵنیا بکرێتەوە کە باری ناو گرتوخانەکان گونجاوە لەگەڵ ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان لەوانەش پێوەری نەتەوەیەکگرتوەکان بەناوی پێوەری کەمترین یاسا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و پرەنسیپەکانی پاراستنی هەموو کەسێک لەژێر هەرجۆرە دەستگیرکردن و زیندانیکردنێکدا.زیندانیان مافی ئەوەیان هەیە خواردن و ئاوی تەواویان هەبێ لەگەڵ بونی چاودێری پزیشکی و پێداویستی شوشتن و جێگاو نوێنی پاک و گونجاو.نابێ بخرێنە بەر مامەڵەی دڵرەقانە و بێ رێزی و سزادان.

- لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کار بکەن بۆ پیادەکردنی پەیمانانمەی دژی ئەشکەنجەو مامەڵەی دیکەی وەک نامرۆڤانەو سوکایەتیکردن یان سزادان (پەیمانانمەی دژی ئەشکەنجە).لەگەڵ حکومەتی عێراق کاربکەن بۆ بون بەئەندامی پرۆتۆکۆلی پەیمانانمەی دژی ئەشکەنجە کە ڕێدەدات بە شارەزایانی سەربەخۆی نێودەوڵەتی کە بەردەوام سەردانی گرتوخانەکانی ناو وڵاتی ئەندامی پەیمانانەمە بکەن.بۆ ئەوەی بارودۆخی ناو گرتوخانەکان هەڵبژێرن و پێشنیاری چاککردن بکەن.
- ئەو پێشنیارانە جێبەجێ بکرێت کە لیژنەی دژە ئەشکەنجە لەمانگی مایسی 2002 دا خستونیەتە روو لەگەڵ ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەربابرەی ئەشکەنجە,ساڵی 2003.میکانیزمێکی سەربەخۆی سکالاکردن دابمەزرێت بۆ ئەو کەسانەی لەگرتوخانەی دەوڵەتدان.

***بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی هێزی فرەنەتەوە***

- هاوکاری دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ لێکۆڵینەوەی خێرای بانگەشەی ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن لەژێردەستی کارمەندانی جێبەجێکردنی یاسادا,تیایاندا هێزەکانی ئاسایش.
- دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە هاوکاری و کۆمەک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار نایەت بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.
- لەچوارچێوەی ئەو هاوکاریانەی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت پەیامێکی ئاشکرا بنێرن کە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بنچینەی سەرەکی سەرکەوتنی سیاسەتی ئاسایشە لەگەڵیشیدا پرۆسەی دژە تیرۆر.

- بەدوای کەیسی سەرجەم ئەو زیندانیانەدا بچن کە لەئەنجامی پرۆسەی هاوبەشی هێزە عێراقی و ئەمریکیەکاندا دەستگیرکراون و گوایە دواتر گوستراونەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردستان,بۆ ئەوەی دڵنیا بکرێتەوە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەو زیندانیانە ئازاد دەکەن یان دەسبەجێ و بەپێی یاسای عێراقی دادگایی دەکرێن.

*بۆ کۆمەڵگا کۆکەک بەخشە نێودەوڵەتییەکان*

- لەنزیکەوە چاودێری هەر هاوکارییەکی پۆلیس و ئاسایش و دژە تیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بکرێتەوە کە ستاندەری مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێدەگیرێت لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە.
- وەک بەشێک لەهەموو ڕاهێنان و مەشق پێکردنێکی دەزگاکانی پۆلیس و هەواڵگری,ڕاهێنان لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت و ئەم جۆرە ڕاهێنانەش ڕەگەزی ڕێگرتن لەئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن و ڕەفتاری سوک کردن لەخۆبگرێت وەک شێوازی لێکۆڵینەوە یان سزادان.
- دڵنیا بکرێتەوە کە ئەو کۆمەکانەی پێشکەش دەکرێت هاوکاری تێدایە بۆ گەشەپێدانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی مافی مرۆڤ.بە توانای چاودێریکردن و سازدانی کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

## سوپاس و پیزانین

ئەم راپۆرتە ئامادەکراو نوسراوە لەلایەن ستافی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیای ریکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ.سارا لی ویتسن,بەرێوەبەریبەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا لەگەڵ ئیان گۆرڤین,راوێژکاری بەشی بەرنامەدانان لەرێکخراوەکە راپۆرتەکەیان تەحریر کردووە.جەیمس رۆس,راوێژکاری یاسایی پێداچونەوەی یاسایی ئەنجامداوە.عاسف ئەشرەف,هەڵسورێنەر لەبەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا,راپۆرتەکەی ئامادەی چاپکردن کرد.هاوکاری زیاتر بۆ ئامادەکردنی لەلایەن گرەیس چۆی یەوە پێشکەشکرا کە تایبەتمەندی بواری بلاْوکردنەوەیە,لەگەڵ فیتسرۆی هێپکینس,بەرێوەبەری ناردەنی.

ریکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت سوپاسی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەو هاوکاریانەی پێشکەشیانکرد.هەروەها سوپاس بۆ سەرکردە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان,ئەندامان و ستافی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان,ئەندامان و ستافی دەزگاکانی ئاسایشی کوردستان,بەرپرسانی گرتوخانەو بەرپرسانی داد.هەروەها سوپاسی فەرماندەیی گشتی وTask Forces 134 وبەشەکانی زیندانیان و هێزە فرەنەتەوەکان دەکەین لەعێراق.بەهەمان شێوە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سوپاسی ئەو زیندانیانە دەکات کە بۆمان دوان.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێی خۆشە سوپاسی دەزگای Rockefeller Brothers Fund,لەگەڵ دەزگای John D.and Catherine

T.MacArthurو دەزگای Stichting Vluchteling, و NOVIB و دەزگای J.M Kaplan و دەزگای David and Lucile Packard و دەزگای Oak و دەزگای Ruth Mclean Bowman Bowers و Act Netherlands و پرۆژەی هاوبەشی Kerkinactie and ICCO و چەندین کەسایەتی دیکە بکات کە هاوکاری و کۆمەکیان پێشکەشی بەرنامەی فریاکەوتنی عێراق ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کردووە.

## پەراوێز

1. هەریکە ئاسایشی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیەوە.
2. بەرپرسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێگەیان دا بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ سەردانی هەموو گرتووخانەکانی هێزەکانی پۆلیسی وەزارەتەکانی ناوخۆی هەردوولا بکات. لەبەر ئەوەی کە تەرکیزی بەدواداچوونەکانی رێکخراوەکە ئەوەنەبوو، بۆیە لەو کاتەدا ئەو سەردانانەی ئەنجامنەدا.
3. لە گرتووخانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەرپرسانی گرتووخانەکان لیستی ناوی ئەو زیندانیانەیان خستەبەردەست رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە لە رۆژی سەردانەکاندا گیرابوون، بەڵام ناوی ئەوانەیان نەدا کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدابوون. لە کاتی سەردانی دووەمی مەیدانیدا، لە ئابی 2006، بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی ئەو زیندانیانەیان خستەبەردەست کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدابوون بەڵام رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نەیتوانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات. رێکخراوەکە لەو کاتەدا نەیتوانی کە ئاستی وورد (دقە)ی لیستی ئەو ناوانە هەڵسەنگێنێت. لە گرتووخانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرپرسانی گرتووخانەکان دابینکردنی ناوی زیندانییەکانیان رەتکردەوە.
4. ژمارەیەک لە زیندانیکراوەکان لە کوردستانی عێراقدا کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی پێیناکەوت دوو رەگەزنامەیان هەبوو: رەگەزنامەی وولاتی دووەمیان بریتیبوو لە ئەمەریکا، سوید، ئوستралیا.
5. لە کاتی سەردانێکدا بۆ ئاسایشی گشتی سلێمانی ئایاری 2006دا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ شەش ژنی بینی کە لە بەشێکی جیاکراوەدا لەگەڵ دوو منداڵدا

زیندانیکرابوون. زۆربەیان لە گرتووخانەی ژنان بۆ ماوەیەکی کورت گواسترابوونەوە، و تۆمەتباربوون بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکی جیاواز لەوانە، کوشتن، ساختەکاریی و هاتنەناو وولاتەوە بەشێوەیەکی نایاسایی. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازدان، بەلاّم قەزییەکانیان لەم راپۆرتەدا باس ناکرێت.

6. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە مانگی ئایاری 2006دا پێش یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاوی بە هەندێک لەم بەرپرسانە کەوت، رێکخراوەکە دوای راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی بە هەندێک بەرپرسی تر کەوت بە پۆستی تازەیاندا وەک وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتوودا.

7. لەو کاتەدا، نزیکەی 30 ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا لە زیندانەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەندێکی تریش لە زیندانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندابوون. بە هاتنی مانگی ئایار، دوابەدوای رێکەوتنێک لەگەڵ لەنێوان کۆمەڵی ئیسلامیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆربەی ئەندامەکانی کۆمەڵی ئیسلامی ئازادکرد. حاڵی حازر کۆمەڵی ئیسلامی نوێنەرایەتی هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانداو وەزارەتی ژینگەیان بۆ تەرخانکراوە.

8. "ناوچەی دژە فرین"ی باکور لە 19ی نیسانی 1991دا سەپێنرا.

9. ئیدارە هاوبەشەکە بەناوی بەرەی کوردستانی عێراقەوە پێکهات کە لە هەشت پارتی سیاسی پێکهاتبوو.

10. هەوڵەکانی ئەمەریکا لەم ماوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئاگربەست و ناوبژیوانیکردن بۆ رێکەوتنێکی ئاشتییانە شکستیهێنا. لە سیاقی ململانێی ناوخۆیی کوردا، تۆماری مافی مرۆڤی

پارتە سیاسییە کوردییەکان خراپبوو. حزبەکان بەشێوەیەکی بەرفراون دەستیان کرد بە ڕەشەگیری و زیندانیکردنی بێ دادگایی و دادگایی کورتخایەن کە دەبوونە هۆی لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدانی تۆمەتبارانی سیاسی هەردوولاو تۆمەتبارانی ئەنجامدانی تاوان و ئیغتیالکردنی چالاککارانی سیاسی و ڕەخنەگران و دیارنەمانی بەزۆر enforced disappearances . ئەوانەی کە بەرپرسبوون لەم تاوانانە هەرگیز نەهێنرانە بەردەم دادگا. لەوەش زیاتر، دەیان هەزار مەدەنی لە شوێنی خۆیان دەرکران و ناچار کران کە بچن بۆ ئەو شوێنانەی کە حزبەکەیان تیایدا باڵادەستە.

11. دوای ساڵی 1998، هەرێمەکە باشبوونی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی بارودۆخی مافی مرۆڤەوە. هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەو شوێنانەیان داخست کە کە بەشێوەیەکی نهێنی یان نارەسمی وەک زیندان بەکاردەهێنران و بەڕێوەیان دەبردن و زیندانیەکانیان گواستەوە بۆ گرتووخانە ڕەسمییەکان کە لە لایەن پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشەوە لەژێر فەرمانی وەزارەتەکانی ناوخۆی هەردوولادا بەڕێوەدەبران. ڕێگەیاندا بە مافی سەردانکردنی هەموو جۆرە زیندانی کە لەو گرتووخانانەدابوو، وە هەروەها کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی بەردەوام سەردانی ئەکردن. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دادگا تایبەتییەکانیان هەڵوەشاندەوەو هەوڵیاندا بۆ کەمکردنەوەی ماوەی ئەو زیندانیکردنانەی کە دەسەڵاتدارانی ئاسایش ئەسانسەپاند بەسەر گومانلێکراواندا پێش دادگاییکردنیان پێش ئەوەی تۆمەتیان ئاراستەبکرێت و ببرێنە بەردەم دادگاکانی تاوان. ژمارەی ئەو هەواڵانەی کە سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی زیندانیان بوون کەمبوونەوە، هەروەها ژمارەی کوشتنی ئەندامانی سیاسی حزبەکانیش کەمبوونەوە.

12. دەسەلاّتی کاتی هاوپەیمانیان، ڕێکخستنەکان/ 13ی تەمموزی 2003/6-مەجلیسی حوکمی عێراقی.

13. زۆربەی جار لە ئینگلیزیدا بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ئەوترێت ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی.

14. جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ئینتقالی عێراقیش بوو لە دوای هەڵبژاردنی لە مانگی نیسانی 2005دا.

15. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە 3، 5ی حوزەیرانی 2006، ڕۆژنامەی کوردستان (*Kurdistan Gazette*) ژمارە 55. 10ی تەموزی 2005. هەڵبژاردنەکە بەپێی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005 بوو: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، کوردستان گازێتە، ژمارە 55. ی تەموزی 2005.

16. یاسای کاتی بەڕێوەبەردن لە دوای هەڵوەشانەوەی دەسەلاّتی کاتی هاوپەیمانیان و گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق کارپێکرا لە حوزەیرانی 2004دا.

17. ماددەی 53 لە یاسای کاتی بەڕێوەبەردن دەڵێت، "داندەنرێت بە هەرێمی کوردستان بەسیفەتی ئەوەی کە حکومەتی ڕەسمییە لەو ناوچانەی کە لەژێر ئیدارەیدابوو پێش 19ی ئازاری 2003، لە ناوچەکانی پارێزگاکانی دهۆک و ئەربیل و سلێمانی و کەرکوک و دیالەو نەیونەوا دان." ئاماژەکردن بە و کەرکوک و دیالەو نەیونەوا(موسڵ) مەبەستی سنوری ئەو ناوچە بچوکانەیە کە کە لەژێر ئیدارەی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکاندابوون پێش شەڕی ساڵی 2003 نەک سەرجەم پارێزگاکان.

18. دەستوری کۆماری عێراق، فەسڵی پێنج، دەسەلاّتی هەرێمەکان، بەشی یەک، بڕگەکانی 116-121، هەروەک ئەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی عێراقیدا) بلاّوکراوەتەوە، ژمارە 4012، 28ی کانونی یەکەمی 2005.

19. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند حزبێکی سیاسی تر نوێنەرایەتییان هەبوو.

20. پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزگاکانی دهۆک و ئەربیل کۆنترۆڵدەکات، لەکاتێکدا پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای کەرکوکی لەژێر دەسەلاّتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندایە.

21. لەنێو کۆمەڵێک خاڵدا، رێکەوتنی یەکگرتنەوە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێکهێنا، کە درا بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەروەها هەمان کەس وەک جێگری فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە کاردەکات: پۆستەکانی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دران بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەتا کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە کۆتایی ساڵی 2007دا: لە پێکهێنانی کابنەیەکی حکومەا هەرە یەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان 11 وەزارەتیان بەرکەوت. لەنێو ئەو وەزارەتانەی کە دران بە پارتی دیموکراتی کوردستان بریتیبوو لە وەزارەتەکانی دارایی و کاروباری پێشمەرگەو کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان، لە کاتێکدا کە لەنێو ئەو وەزارەتانەی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەرخانکران ناوخۆو دادو کاروباری کۆمەلاّیەتی و مافەکانی مرۆڤی تێدابوو. پۆستی هەندێ وەزارەتی تر دران بە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. بەپێی رێکەوتننامەکە دەستبەجێ هەموو دامەزراوە تەشریعی و تەنفیزیەکان یەکیانگرتەوە، جگە لە چوار وەزارەتی گرنگ- دارای و کاروباری پێشمەرگەو دادو ناوخۆ- کە لەماویە یەک ساڵدا یەکدەگرنەوە. لە ماوەی ئینتقالیدا، "ئەم چوار وەزارەتە، هەتا یەکدەگرنەوە، هەریەکەیان وەزیرێکی کابینەی حکومەت و وەزیرێکی هەرێمی بۆ کاروباری ئەو وەزارەتە دیاریکراوە ئەبێت. هەر

وەزیرێک بەرپرسیاریەتی ئەو ناوچەیەی لەئەستۆدا ئەبێت کە لە ژێر دەسەڵاتیاندایە."
(رێکەتننامەی یەکگرتنەوە. ماددەی 5 (د)).

22. حکومەتی هەرێمی کوردستان 42 وەزارەتی هەیە، نۆیان وەزارەتی هەرێمن.

23. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە 11، 31 ئابی 1991،( ماددەی 1)، لە *پەرلەماندا* بلاّوکرایەوە، ژمارە 1، 15ی ئیلولی 1991. *پەرلەمان* رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستان بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە رۆژنامەی کوردستان.

24. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 2.

25. ئەوەی دووەمیان، بۆ نمونە، یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا تێدابوو (ژمارە 10ی 1993)، یاسای رێکخراوەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق (ژمارە 18ی 1993) و یاسای حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق (ژمارە 17ی 1993). هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای چەکی دەرکرد(ژمارە 16ی 1993) لە هەوڵێدا بۆ دانانی سنورێک بۆ بلاّوبوونەوەی چەک لە هەرێمی کوردستان و رێکخستنی بەکارهێنانیان لە رێگەی پێدانی مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆدا.

26. دەستوری کۆماری عێراق، ماددەی 141. دوای شکستهێنانی ئیدارەی هاوبەشی کوردی لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆی کوردەوە لە ناوەراستی ساڵانی نەوەدەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو ئیدراەی جیاوازیان پێکهێنا، کە بە چەند رێگایەک یاسایان دەردەکرد. لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەستیکردەوە بە کارکردن لە کۆتایی ساڵی 1996دا بەبێ ئەندامەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەرلەمان نەبوو بۆ ئەوەی وەک دەسەڵاتی تەشریعی کاربکات، ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیارو فەرمانەکانی دەردەکرد.

27. ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەڵپەسێردراون، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە چاپکرا، ژمارە 1ی 2002.

28. یاسای ژمارە 14ی 1992، بەپێی بڕیاری ژمارە 44ی 28ی کانوونی یەکەمی 1992 دەرچوو، لە *پەرلەماندا* بلاوکرایەوە، ژمارە 7ی کانوونی دووەمی 1993.

بلاوکردنەوەی ئەم یاسایە بووە هۆی پێکهێنانی دادگای تێهەڵچونەوە، کە بارەگاکەی لە ئەربیل بوو. پێش کشانەوەی ئیدارەکانی حکومەتی عێراقی لە هەرێمی کوردستاندا لە تشرینی یەکەمی 1991دا، عێراق یەک دادگای تێهەڵچونەوەی هەبوو، کە لە بەغداد بوو. دادگایەکی تر پێویست بوو پاش چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتووی بۆ ئەویە دادگای بەغداد چاوپخشێنێتەوە بە حوکمی ئەو تاوانبارانەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان دەریانکردبوون. یەکێتی نیشتمانی کوردستان سێیەمین دادگای تێهەڵچونەوەی پێکهێنا بۆ ناوچەکانی سلێمانی، بۆ چارەسەرکردنی دواخستنەکانی دادگای تێهەڵچونەوەی ئەربیل بە حوکمی ئەو تاوانبارانەی دادگاکانی سلێمانی دەریانکردبوون. دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئایاری 2006دا، هەردوو دادگاکە تێکەلاوکران بۆ پێکهێنانی دادگای تێهەڵچونەوەی کوردستان، کە بارەگاکەی لە ئەربیلە.

29. ژمارە 160 ی 1979.

30. یاسای تاوانەکان، ژمارە 23ی 1971، تەعدیلکراو.

31. یاسای سزادان، ژمارە 111ی 1969، تەعدیلکراو، دەسەلاتدارانی کوردستان ژمارەیەک لە بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورەیان هەڵپەساردو یاسای سزادانیان تەعدیلکرد، بەلام لێرەدا باسنەکراون چونکە پەیوەندیان بەم راپۆرتەوە نییە.

32. تەماشاکە، بۆ نمونە، پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی 50 ("بڕگەکانی پەیماننامەکە هەموو پارچەکانی دەوڵەتە فیدراڵەکانی ئەگرێتەوە بەبێ بوونی هیچ

قەیدو ئیستسنایەک.") پەماننامەێ جیهانێ مافە مەدەنێ و سیاسییەکان لە 16ی کانونێ یەکەمی 1966دا دەریکرد، خ.ا. 2200ا (XII)، 21، نەتەوە یەکگرتووەکان، GAOP Supp. (ژمارە16) 52،.U.N بەڵگەنامەی ا/6316 (1966)، 999 171 U.N.T.S.، لە 23ی ئازاری 1976دا خرایە جێبەجێکردنەوە. عێراق لە ساڵی 1971دا رەزامەندی لەسەر پەماننامەێ جیهانێ مافە مەدەنێ و سیاسییەکان دەربڕی.

33. حکومەتێ عێراقی لە تەمووزی 2004دا یاسای کتوپڕی دەرکردو باری نائاسای بۆ ماوەی چوار مانگ رایگەیاند، لەو کاتەوە هەموو جارێک دوو مانگ درێژکراوەتەوە (یاسای ژمارە 1ی 2004: بڕیاری پاراستێ ئاسایشی نەتەوەیی، بلاْوکرایەوە لە رۆژنامەی وەقائیعی عێراقدا، ژمارە 3987، ئەیلولی 2004). ئەم بڕیارە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، کە تیایدا ئەنجومەنێ نیشتمانێ کوردستان باری نائاسایی لە بۆ 19ی ئازاری 2003، پێش شەڕی عێراق دەرکرد. لە رۆژی 20ی نیسانێ 2003دا ئەنجومەنێ نیشتمانێ کوردستان باری نائاسایی هەڵگرت، دوای رووخانێ حکومەتێ سەدام حوسەین، لەوکاتەوە باری نائاسایی نەسەپێنراوە (بڕیاری ژمارە 34 و 35 بە جیا، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 41 و 42).

34. ئەو حکومەتەی کە جێگەی حکومەتێکی پێشوو ئەگرێتەوە پابەنج ئەبێت بەو پەیماننامانەوەی کە حکومەتەکەی پێشوو رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە،هەتا ئەو کاتەی، "پابەندبوونێ بۆ پەیماننامەیەک کۆتایی پێدەهێنێت یان کارپێکردنێ پەیماننامەیەک دەداتە دادگا یان ئیلغای ئەکاتەوە یان ئەکشێتەوەی لێی یان کارپێکردنێ هەڵشەپەسێرێت، وە دەبێت لایەنەکانێ تری پەیماننامەکە ئاگاداربکاتەوە." تەماشای پەیماننامەی ڤییەنا بکە سەبارەت بە یاسای پەیماننامەکان، کە لە ڤییەنا لە رۆژی 23ی ئایاری 1969دا دەرچوو وە لە 27ی کانوونێ دووەمی 1980دا خرایە جێبەجێکردنەوە، 331 UNTS1155، ماددەی 65.

35. پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی 9. بۆ پابەندبوون بەمەوە بۆ قەدەغەکردنی زیندانیکردنی ڕەشبگیری، پێویستە دەوڵەت لە یاساکانیدا ئاماژە بەو حاڵەتانەبدات کە تیایدا تاکەکان مەحروم دەبن لە ئازادییەکاینیان و ئەو ئیجرائاتانەی کە حکومەت کاریان پێدەکات بۆ دەستگیرکردن و زیندانیکردن. تەنها ئەو کردەوانەی کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێوشوێنانەدا ئەنجامدەدرێن یاسایین، بەمە حەکمی ئەفسەرەکان بەرامبەر بە ئەو کەسانەی دەستگیردەکرێن سنوردار ئەکرێت. لەوەش زیاتر، قەدەغەکردنی کاری عەشوائی مانای وایە کە مەحروم بوون لە ئازادی، تەنانەت ئەگەر لە یاساشدا هەبێت، هێشتا دەبێت پەیوەندی بە هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکەوە هەبێت، و چاوەڕوانکراویش بێت.
دەستگیرکردنی خەڵک لەسەر ئەوەی کە مافە بنچینەییەکانیان پیادەئەکەن بە عەشوائی و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دائەنرێت. هەروەها ماددەی 9 بە تەحدید داوا ئەکات کە بەرپرسانی دەستگیرکردن دەستبەجێ هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکە بڵێن بە زیندانییەکە، دەستبەجێ تۆمەتەکانیان پێبووترێت، و دەستبەجێ بهێنرێنە بەردەم دادوەرو بۆ حوکمدان لەسەر یاسایی بوونی زیندانیکردنیان.

36. پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی 9(3) دەڵێت،
"هەرکەسێک کە دەستگیردەکرێت یان زیندانی ئەکرێت لەسەر تۆمەتێکی تاوانکاری دەبێت دەستبەجێ بهێنرێتە بەردەم دادوەر یان ئەفسەری تری دەسەلاتپێدراو لەلایەن یاساوە بۆ پیادەکردنی دەسەلاتی قەزائی و دەبێت لەماوەیەکی گونجاودا دادگایی بکرێت یان ئازاد بکرێت."

37. پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی 10(1).

38. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 7.

39. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 14.

40. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 14(3)(ب) (ئامادەکاری بۆ بەرگری).

کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، تێبینی گشتی 13 ئاماژە بەوەدەکات کە لەژێر پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان "پێویستە تۆمەتبار کاتی تەواو و ئاسانکاری هەبێت بۆ ئامادەکاری بەرگری لەخۆکردن پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئەو پارێزەرەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت...بەپێی ئەم پەرەگرافە دەبێت پارێزەر پەیوەندی لەگەڵ تۆمەتباردا هەبێت بەمەرجی ئەوەی کە رێز لە بە نهێنی هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییانە بگرێت. دەبێت پارێزەرەکان بتوانن راوێژ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەرگریان لێدەکەن بکەن و نوێنەرایەتییان بکەن بەپێی پێوەرە پیشەییەکیانیان بەبێ هیچ قەیدو کاریکەری و فشارو تەداخولکردنی نایاساییانە لەهەر لایەکەوە." UNبەڵگەی HRI/GEN/1/Rev.6 at 135 (2003) پەرەگرافی 9. پرنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە رۆڵی پارێزەر دەڵێت، "پێوستە هەموو دەستگیرکراوێک، زیندانییەک یان حکومدراوێک فرسەتی گونجاو وکاتی تەواو و ئاسانکاری بۆ دابینبکرێت بۆ سەردانکردن و پەیوەندیکردن بە راوێژکارێک یان پارێزەرێک، بەبێ دواخستن و بێ ئعتراز و سانسۆر دەبێت بەتەواوەتی نهێنی بێت. دەکرێت ئەو بە بەرچاوی دەسەڵاتدارنەوە بێت بەڵام نابێت گوێیان لێبێت." پرنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە رۆڵی پارێزەر، A/CONF.144/28/Rev.1 at 118 (1990) ماددەی 8.

41. یاسای تاوانەکان، ماددەی 92.

42. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 102(ا).

43. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 123.

44. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 127.

45. هەمان سەرچاوەی پێشوو.، ماددەی 127.

46. ماددەی 213(ا) لە یاسای تاوانەکان ئەڵێت کە دەکرێت دادگا تەهل پشت بە ئیعتراف ببەستێت، "ئەگەر رازامەندبوو پێی و بەڵگەی تر نەبوو کە ئیعترافەکە بە درۆ بخاتەوە."

47. یاسای تاوانەکان، ماددەی 3(2).

48. ماددەی 333ی یاسای سزادان(ژمارە 111ی 1969) ئەڵێت، "هەر بەرپرسێکی گشتی یان کارمەندێک ئەشکەنجەی تۆمەتبارێک، یان شاهیدێک یان ئەو کەسەی کە زانیاری دابین ئەکات بدات یان بڕیاری ئەشکەنجەدانی بدات، بۆ ئەوەی کە ناچاری بکات ئیعتراف بکات لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچییەک یان لێدوانێک بدات یان زانیاری دابین بکات دەربارەی ئەو جۆرە سەرپێچییە یان زانیاری گلبداتەوە یان بۆچوونێکی تایبەت بدات کە سزاکەی حوکمی سجنکردنی هەبێت یان زیندانی بکرێت. ئەشکەنجەدان دەبێت بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەکردنی تێدابێت." هەروەک لە ماددەی 25 و 26ی یاساکەدا باسکراوە، "زیندانیکردن" بریتیە لە ماوەی 3 مانگ بۆ 5 مانگ، و "سجنکردن" بریتیە لە ماوەی 5 بۆ 15 ساڵ.

49. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/ORD/ 9ی حوزەیرانی 2003/ 07( یاسای سزادان). بەشی 3(2) لە فەرمانەکە ئەڵێت، "ئەشکەنجەدان و دڵرەقی و شکاندنی کەسایەتی و رەفتاری نامرۆڤانەو سزادان قەدەغەن."

50. پێش تەعدیلکردنی، ماددەی 218 لە یاسای تاوان دەیوت، "مەرجی قبوڵکردنی ئیعتراف ئەوەیە کە لە ئەنجامی زۆرلێکردنەوە وەرنەگیرابێت، ئیتر جەستەیی بێت یان مەعنەوی، بەڵێندان بێت یان هەڕشە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پەیوەندی بنەڕەتی نەبێت لەنێوان زۆرلێکردن و ئیعترافەکەدا یان ئەگەر ئیعترافەکە بە بەڵگەی تر پشتگیری لێکرا کە دادگای قەناعەت پێکرد کە راستەو دەبێتەهۆی ئاشکراکردنی راستەییەکی دیاریکراو، لەو حاڵەتەدا

دادگا بۆی هەیە قبوڵی بکات." ئێستا یاساکە ئەڵێت," مەرجی قبوڵکردنی ئیعتراف ئەوەیە کە لە ئەنجامی زۆرلێکردنەوە وەرنەگیرابێت." دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 03/2004: ڕێوشوێنی تاوانباری، بەشی سێییەم (7).

51. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 03/2004: ڕێوشوێنی تاوانباری، بەشی چوارەم ئەڵێت، "لەو کاتەدا کە ئەفسەرێکی جێبەجێکاری یاسای عێراقی کەسێک دەستگیرئەکات، دەبێت ئەفسەرکە کەسەکە ئاگاداربکاتەوە لەوەی کە مافی هەیە هیچ نەڵێت و راوێژ بە پارێزەرێک بکات."

52. هەمان سەچاوەی پێشوو، بەشی 5(ج) ئەڵێت، "زیندانییەک کە گومانی تاوانی لەسەربێت دەبێت دەستبەجێ و بە نوسین و بەو زمانەی کە لێی تێدەگات ئاگاداربکرێت لەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکرێت لە لایەن ئەو دەسەڵاتەی کە بڕیاری دەستگیرکردن جێبەجێدەکات."

53. هەمان سەچاوەی پێشوو، بەشی 3(ب) ئەڵێت، "پێش ئاراستەکردنی پرسیار بۆ تۆمەتبار دەبێت لێکۆڵەوەر (موحەقق) ئاگاداری تۆمەتبار بکات کە 1) مافی ئەوەی هەیە بەبێدەنگی بمێنێتەوەو قسەنەکات و هیچ بیانوویەک نیە ئەو مافی تۆمەبارەکە لە بڕیاری قسەنەکردن بسێنێتەوە. 2) مافی ئەوەی هەیە کە پارێزەری هەبێت، و ئەگەر نەتوانێت دابینی بکات، ئەوا دادگا پارێزەرێک بۆ تۆمەتبارەکە بەبێ بەرامبەر بۆ دابین ئەکات."

54. هەمان سەچاوەی پێشوو، بەشی 3(ج)

55. ماددەی 62 لە یاسای کاتی بەڕێوەبردن ئەڵێت، "ئەو یاسایە لەکاردا ئەبێت تا ئەو کاتەی دەستوری هەمیشەیی دەردەکرێت و حکومەتی عێراقی نوێ بەپێی دەستورەکە پێکدەهێنرێت." رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی لە ریفراندۆمێکی نیشتمانیدا لە تشرینی

یەکەمی 2005دا پەسەندکرا. لە کاتی نوسینی ئەم راپۆرتەدا، تەعدیلاتی دەستوری هێشتا جێگەی گفتوگۆی نێوان پارتە سیاسییە جیاجیاکانی عێراقە.

56. یاسای ژمارە 21ی 2003، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەرکرا لە رۆژی 27ی ئەیلولی 2003دا(رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 45، 10ی تشرینی یەکەمی 2003). یاساکە ماددەکانی 157بۆ 189 (سەرپێچییەکان لە دژی ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت) ماددەکان 190بۆ 195 و ماددەکانی 198 بۆ 219 (سەرپێچییەکان لە دژی ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت)، و ماددەکانی 223و 225و 227 و 228 (سەرپێچی دژی بەرپرسان و دامەزراوەکانی دەوڵەت)ی هەڵپەسارد. تەعدیلاتەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئاماژەی بەوەکرد کەوات گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی سەبارەت بەم سەرپێچیانەو سەرپێچی تر تەنها بە نوسراوی رێگەپێدراو لەلایەن بەرێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەبێت(دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/10/ORDی حوزەیرانی 07/2003، یاسای سزادان، بەشی 2، ماددەی 2).

57. (دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/10/ORDی حوزەیرانی 07/2003، یاسای سزادان، بەشی 3، ماددەی 1و2).

58. یاسای ژمارە 22ی 2003 (هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی ماددەکانی یاسای تاوانی عێراقی ژمارە 23ی 1971)، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەرکرا لە رۆژی 27ی ئەیلولی 2003دا(رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 45، 10ی تشرینی یەکەمی 2003).

59. یاسای تاوان، ماددەی 61 (ج) لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە تەعدیلکرا. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 03/2004: رێوشوێنی تاوانباری، بەشی 3 (ا).

.60 دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 03/2004: ڕێوشوێنی تاوانباری، بەشی 3 (ب).

.61 هەمان سەرچاوەی پێشوو. ماددەی 3 لە یاسای 22ی 2003 لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەرکرا و بەشێکی تەعدیلاتەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی خستەسەر ماددەی 123ی یاسای تاوان، بەڵام پەرەگرافێکی لێ لابرد، ئەو پەرەگرافە ئەمەبوو، "پێش ئاراستەکردنی پرسیار بۆ تۆمەتبار دەبێت لێکۆڵەوەر (موحەقق) ئاگاداری تۆمەتبار بکات کە 1) مافی ئەوەی هەیە بەبێدەنگی بمێنێتەوەو قسەنەکات و هیچ بیانوویەک نیە ئەو مافی تۆمەبارەکە لە بریاری قسەنەکردن بسێنێتەوە. 2) مافی ئەوەی هەیە کە پارێزەری هەبێت، و ئەگەر نەتوانێت دابینی بکات، ئەوا دادگا پارێزەرێک بۆ تۆمەتبارەکە بەبێ بەرامبەر بۆ دابین ئەکات." (بەشی 3(ب)). یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ مافی دژی تۆمەتبارکردی خود دابین ئەکات provides for a right against self-incrimination، بەڵام مافی بێدەنگبوون دابین ناکات، کە پارێزگارییەکە باوە لەنێو سیستەمی یاسا باوەکاندا، بەڵام لە سیستەمی یاسای مەدەنییدا نا.

.62 دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 03/2004: ڕێوشوێنی تاوانباری، بەشی 5 (ج).

.63 ڕێوشوێنی تاوانباری ماددەی 218. تەماشای سەرچاوەی ژمارە 51، لەسەرەوە.

.64 ڕێوشوێنی تاوانباری ماددەی 213. تەعدیلی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان "هەروەها ئەگەر بەڵگەی تر نەبوو کە بە درۆی بخاتەوە." دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 3/2004، بەشی 3 (6)).

.65 یاسای ژمارە 3ی 2006، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە 61ی تەمووزی 2006. ئەم یاسایە جیایە لەو یاسای دژەتیرۆرەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی لە بەغداد

دەرچوو لە مانگی تشرینی دووەمی 2005دا دەرچوو، و لەم راپۆرتەدا باس نەکراوە(یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر، ژمارە 13ی 2005، رۆژنامەی وەقائعی عێراقی، ژمارە 4009، 9ی تشرینی دووەمی 2005).

.66 یاسای ژمارە 3ی 2006، ماددەی 17.

.67 هەمان سەچاوەی پێشوو، ماددەی 2(5). لەو حاڵەتانەی کە ئەو جۆرە کردەوانە نەبنە هۆی مردنی کەسێک، ئەوا سزای لەسێدارەدان ئەگۆڕێت بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی.

.68 هەمان سەچاوەی پێشوو، ماددەی 2(6). ئەم بڕگەیە تەنها بەسەر ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی کوردی و هێزەکانی پێشمەرگە جێبەجێدەکرێت.

.69 ئەو کارانەی کە بە سزای زیندانی هەتاهەتایی حکومدەدرێن بریتین لە: تێکدانی سامانی گشتی یان تایبەتی و دامەزراوە پیشەیازییەکان وەک وێستگەی کارەبای و ئاوی و پردو بەنداو: فراندنی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی یان سیاسی: مەشقکردنی سەربازی بیە مەبەستی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی: و دروستکردنی یان خاوەندارێتی کەرەسەی تەقینەوە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی. بەبارمتەگرتنی فرۆکەی مەدەنییش سزاکەی زیندانی هەتاهەتاییە، بەڵام سزای لەسێدارەدان ئەسەپێنرێت ئەگەر ئەنجامی ئەو کارە بووەهۆی مردنی کەسێک یان زیاتر.

.70 ئەو کارانەی کە بە سزای زیندان کە لە 15 ساڵ زیاتر نەبێت حکومدەدرێن بریتین: بە بەدنیازی، نوسراو، چاپەمەنی یان کاسێتی تۆمارکراوی لابێت بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی: لە ئەنجامدانی تاوانێک لەو تاوانە تیرۆریستیانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون ئاگاداربێت و دەزگا گشتییەکانی لێ ئاگادانەکاتەوە: هەروەها بە بە ئەنقەست بلاّوکردنەوەی، نوسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو یان ئەلکترۆنی کە هانی ئەنجامدانی

کاری تیرۆریستی بدات و ببێتەهۆی ئەوەی کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوەو ترس بخاتە نێو هاولاَتیان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

71. یاسای ژمارە 3ی 2006، ماددەی 16.

72. کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ چاودێریکردنی پابەندبوون بە پەماننامەی جیهانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، وتویەتی، "گرنگە بۆ پێشگیریکردن لە پێشێلکاری لە ماددەی 7دا (قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان) کە یاساکە لە رێوشوێنە قەزائییەکاندا قبوڵکردنی ئەو ئیعتراف و لێدوانانە قەدەغە بکات کە لە رێی ئەشکەنجەدان و رەفتارە قەدەغەکراوەکانی ترەوە بەدەستئەهێنرن." کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، تێبینی گشتی 20، ماددەی 7 (کۆبوونەوەی چل و چوار، 1992)، سەبارەت بە کۆی تێبینییە گشتیەکان و رێنماییە گشتییەکان دەرکراوە لە لایەن دامەزراوەکانی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ، نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی HRI\GEN\1\Rev.1 at .30 (1994), para. 11

73. ماددەی 13 لە یاسای 3ی 2006دا ئەڵێت، تۆمەتبار لەهەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا رەفتاری یاسایی و دادپەروەرانەی بۆ دابین ئەکرێت، لەنێویاندا دابینکردنی پارێزەر بۆ داکۆکی کردن لێی. نابێت شێوازی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی یان رەفتاری خراپ و نامرۆڤانی بەرامبەر بکرێت. ئیعترافی بەزۆرلێوەرگیراو، لە ژێر هەڕەشە یان ئەشکەنجە قبولْ نییە ئەگەر پشت راست نەکرایەوە بە بەڵگەی یاسایی دیکە. (51) زیندانییەکە مافی ئەوەی هەیە سکالاَ لە دژی لێکۆڵەوەرانی تۆماربکات وەک کەسانی ئاسایی، بۆ ئەویە داوای قەرەبوو بکات بۆ ئەو زیانانەی کە لێیکەوتووە لە ئەنجامی یەکێک لەو شێوازانەی کە باسکران.

74. یاسای 3ی 2006،ماددەی 14.

75. ئەمە بەزۆری ئەنجامی ڕێنماییەک بوو کە جەلال تاڵەبانی سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەریکردبوو، کە لە لایەن یەرهەم ساڵحی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پشتگیری لێکرا. هەردووکیان بەشێوەیکی ئاشکرا لە چەندین بۆنەدا دژایەکی خۆیان بۆ سزای لەسێدارەدان ڕاگەیاندووە.

76. ماددەکانی 285بۆ 293، هەڵپەسردران لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان/27/MEMی حوزەیرانی 3/2004، بەشی 3 (6)).

77. یاسای ژمارە 6ی 2006، لە ڕۆژی 11ی ئەیلولی 2006دا دەرچوو.

78.یاسای وەزارەتی ناوخۆ.ژمارە 9 ی ساڵی 1993 کە بەژمارە 21 لە 27ی ئازاری 1993 لە پەرلەمان بلاْوکرایەوە.بەرگ.10 نیسان 1993.لەراستیدا دەسەلاْتدارانی کورد پێنج مانگ پێشئەوە ئاسایشیان دامەزراندا لە ئۆکتۆبەری 1992 و ئاسایش لە مانگی یەکی 1993 دا دەسبەکار بوو.

79.هۆبەکانی دیکەی ئاسایش بەشی مانەوە و سەفەر لەخۆدەگرن.

80.ئەمانە بەلەخۆگرتنی کۆدی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ جێبەجێکەرانی یاسا و پێوەری کەمترین یاسا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان.

81.ناوی ڕەسمی پاراستن بریتیە لەرێکخستنی تایبەتی.لەساڵی 1968 دا دامەزراوەو دواجار وەلاْمی سەرۆکی پارتی مەسعود بەرزانی دەداتەوە.لەدوای 1991 وە دوبارە ڕێکخرایەوە و خرایە ژێر بەرێوەبردنێکی نوێ.

82.دەزگای زانیاری لەساڵی 1991 دا دوبارە دارێژرایەوە و ڕێکخرایەوە لە دەزگا پێشوەکانی هەوڵگری و ئاسایشی یەکێتیەوە.دواجار وەلاْمدەرەوەی سەرکردەی یەکێتی جەلال تاڵەبانی یە.

83.لەکاتی سەردانەکانماندا بۆ گرتوخانەکانی پارتی,ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی بەکۆمەڵێ زیندانی کەوت کە وتیان پاراستن دەستگیریکردون.

84.یاسای ژماره 46 ی ساڵی 2004.لەکوردستان گەزێتدا بلاّو بوەتەوە.بەرگ 53 ی 19 مانگی دوانزەی 2004.

Ibid.85

86.مادەی 6.پەرەگرافی 2و3و4و5.مادەی 6 (1)ی یاساکە رادەگەیەنێت کە لیژنەی گشتی ئاسایش هەوڵدەدات بۆ پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات و پەرلەمانی و فرەلایەنی لەسەر دامەزراوە.لەوانەش ا-پاراستنی خۆشگوزەرانی و ماڵو حاڵی هاولاّتیانی هەرێمی کوردستان.ب-دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەهەرێمی کوردستان و پاراستنی موڵکی گشتی.ج-پاراستنی ئازادیی گشت و تاکە کەس و فەراهەمکردنی کەشوهەوای گونجاو بۆ ئەوەی هاولاّتیان پراکتیزەی مافەکانی خۆیان بکەن بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ.

87.مادەی 2و3

88.مادی 4

89.شانبەشانی دەزگای زانیاری,دەزگاکانی دیکەی یەکێتی,هەوڵگری سەربازی لەخۆدەگرن کە بە دەزگا ناسراوە,لەگەڵ ئەو گروپەی کە بەم دواییانە دروست بوو بەناوی گروپی دژە تیرۆر لەژێر چاودێری پاڤێڵ تاڵەبانیدا.

90.لەکابینەی یەکگرتودا کە لە 6ی مایسی 2006دا راگەیەنرا,عومەر فەتاح کرا بەجێگری سەرەک وەزیران.لەدوای راگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی پارتی و یەکێتی.

91.دەزگاکانی دیکەی پارتیش بریتین لە رێکخستن و هەواڵگریی سەربازی.

92.یاسای ژمارە 12ی ساڵی 1992 دەرچوو بەهەماهەنگی لەگەڵ یاسای ژمارە 38ی 21ی مانگی یانزەی 1992.لەپەرلەماندا بلاّو بویەوە.بەرگ 6.نیوەی دوەمی مانگی دوانزەی 1992.

93.لەهەندێ حاڵەتدا ئاسایش زیندانیانێکی لای خۆی گل دابویەوەو نەیناردبون بۆ گرتوخانەی ژێردەستی پۆلیس.یان ئەوەی کە ماوەی حوکمەکەیان تەواو کردبوو بەڵام هەر لەگرتوخانەدا مابونەوە.سەیری بەشی شەش بکە.

94.ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانی "عەبدول" کە لەئاسایشی گشتی سلێمانیدا بوو لە 6ی مایسی 2006.وەک لەشێوازی ئامادەکردندا باسمانکرد ناوی ڕاستەقینەی دەستگیرکراوامان گۆڕیوە بۆ شاردنەوەی ناسینەوەیان.

95. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "فازیل" لەئاسایشی گشتی هەولێر,2ی مایسی 2006.

96. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "جەمال" لەئاسایشی گشتی هەولێر,30ی نیسانی 2006.

97. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "هادی" لەئاسایشی گشتی هەولێر,29ی نیسانی 2006.

98. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "حەسەن" لەئاسایشی گشتی هەولێر,29ی نیسانی 2006.

99. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "فوئاد" لەئاسایشی گشتی هەولێر,29ی نیسانی 2006.

100.یاسای عێراق داوا دەکات کە دستگیرکراو لەماوەی 24دا بهێنرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر.مادەی 123

101.بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر,عەبدولا عەلی بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت لە ئابی 2006دا کە دەتوانین سەیری فایلی هەندێ لەزیندانیان بکەین بزانین ئایا دراونەتە دادوەری لێکۆڵەر یان نا بەپێی یاسا.ئەو پێشنیارە لەدوا ڕۆژی سەردانەکەی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی

مرۆڤدا بوو بۆیە ڕێکخراوەکەمان دەرفەتی ئەوەی نەبوو سەیری فایلەکان بکات.چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا عەلی.ئاسایشی هەولێر.14 ی ئابی 2006.

102. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "ابراهیم" لەئاسایشی گشتی هەولێر,29ی نیسانی 2006.

103.ژمارەیەک دادوەری قەزایی کە بەتایبەت بۆ کەیسەکانی ئاسایش دیاریکراون هاوکاری ئەو دادوەرانە دەکەن.

104.چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عەقید خالید ڕۆژبەیانی.ئاسایشی گشتی هەولێر.14 ی ئابی 2006.

105. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عەبدوڵا عەلی ڕۆژبەیانی.ئاسایشی گشتی هەولێر.14 ی ئابی 2006.

106. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ دادوەر سیروان ئەحمەد ساڵح.دادوەری لێکۆڵەری ئاسایش.سلێمانی.4ی ئابی 2006.

107. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عەقید حەسەن نوری,ئاسایشی سلێمانی لەسلێمانی.7ی مایسی 2006.

108. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ فاروق جەمیل,سلێمانی.4ی ئابی 2006.

109. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عەقید حەسەن نوری.10ی ئابی 2006.

110.زۆربەی دەستگیرکراوانی ناو ئەم گرتوخانەیە لەژێر چاودێری ئاسایشی سلێمانیدا بون و ئەوانی دیکەش لەژێر چاودێری ئاسایشی گشتی. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەماوەی دوو ڕۆژدا چاوپێکەوتنی لەگەل زیاد لە زیندانی کرد.

111.یەکێک لەزیندانیان وتی کە سوپای ئەمریکا لەپاریزگای موسڵ دەستگیریانکردووە.لە بنەکەیەکی ئەمریکی لە قەیارە (پێشتر بنکەی سەربازی سەدام بووە)هێشتویانەتەوە بۆ ماوەپێنج5 ڕۆژ و لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ کردووە.وتی کە پاشان داویانەتە دەست هێزەکانی ئاسایشی کورد لەشارۆچکەی مەخمور. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەستگیرکراو.ئاسایشی شەقڵاوە لەپاریزگای هەولێر.3ی مایسی 2006.

112.لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا چواریان لەگرتوخانەی یەکێتی و پێنجەکەی دی لای پارتی بون.

113.هێزەکانی ئاسایشی کورد لەهاوینی 2002دا دوانیان دەستگیرکردبون لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی.سێیەمیان وتی کە میلیشیاکانب بەدر کە جل و بەرگی سوپای عێراقیان لەبەرکردبوو لە نیسانی 2005 دا لەموسڵ دەستگیریان کردبوو. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سێ زیندانی لەئاسایشی گشتی سلێمانی 6ی مایس و ئاسایشی ئاکرێ 9ی مایسی 2006.

114. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت ئەرگوشی,بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەولێر.11ی مایسی 2006.

115. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەیفەدین عەلی.بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی,5ی مایسی 2006.

116. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نەیتوانی ئەو جۆرە زانیارییە وەدەست بهێنێت.نەزیندانیان و نە دەسەڵاتدارانی نەیانتوانی رونی بکەنەوە چ یەکەیەکی سوپای ئەمریکا دەستیان لەوکارەدا هەبوو.

117. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ مەیجەر جەنرال جۆن.د.گاردنەر.فەرماندەی گشتی چالاکیەکانی دەستگیرکردن لەهێزە فرەنەتەوەکان.( Task Force 134) بەغدا.20 ی مایسی 2006.

118. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ مەیجەر جەنراڵ
جۆن.د.گاردنەر.بەغدا,16ی ئابی 2006.
119. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت
ئەرگوشی.هەولێر,13ی ئابی 2006.لەم بینینەدا عیسمەت ئەرگوش بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی وت لەکۆی ئەو دەستگیرکراوانەی سوپای ئەمریکا و سوپای عێراق گواسنیانەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی پارتی,نزیکەی 100 کەسیان لەگرتوخانەدا ماون.پێشتر لەمانگی پێنجدا وتی کە تەنها 30 تا 40 کەس دەستبەسەر بون. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ داوای ناو و وردەکاریەکانی ئەو دەستگیرکراوانەی کرد,بەڵام زانیاری دەربارەی تەنها 25 دەستگیرکراو درایە دەست.
120. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ مەیجەر جەنراڵ
جۆن.د.گاردنەر.بەغدا.30ی ئەیلول و 14ی ئۆکتۆبەری 2006.
121. . چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت
ئەرگوشی.هەولێر.18 ی ئۆکتۆبەری 2006.
122.عیسمەت ئەرگوشی دوپاتی کردەوە کە بەرپرسان لەچالاکیەکانی دەستگیرکردنی هێزە فرەنەتەوەکان لە 16ی ئۆکتۆبەردا دەستیانکردوە بەچاوپێکەوتنی زیندانیانی ژێردەستی پارتی.
123. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ مەیجەر جەنراڵ
جۆن.د.گاردنەر.بەغدا.14 ی ئۆکتۆبەری 2006.
124. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "عیسام" لەئاسایشی گشتی
سلێمانی.6ی مایسی 2006.
125. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "جەواد" لەئاسایشی
شەقڵاوە.4ی مایسی 2006.

126. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیی "جیبریل" لەئاسایشی هەولێر.30ی نیسانی 2006.

127. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیان "هادی" و "کەمال" لەئاسایشی هەولێر.29ی نیسانی 2006.

128.لەدوباره ماناکردنەوەی یاسای تاوانەکانی عێراق مادەی 7 دەربارەی ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردن,کۆمیتەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایگەیاند کە"ماوەی زیندانیکردنی تاکەکەسیی درێژخایەن بۆ دەستگیرکراو یان زیندانیەک دەکرێ بچێتە ڕیزی کردارێکەوە کەلەو یاسایەدا قەدەغەکراوە بەمادەی 7." ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان.کۆمێنتی گشتی 20,مادەی 7.یەکخستنی کۆمێنتە گشتی و پێشنیارە گشتیەکانی کەلەلایەن پەیماننامەی لایەنەکانی مافی مرۆڤەوە بریاری لەسەردراوە.بەڵگەنانەی UN. HRI/GEN/1/REV.1 at 30 (1994) para 6.

129. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیان "کەریم" و "خالید" لەئاسایشی هەولێر.هەولێر 20ی نیسان 2006.

130.جیازازییەکی ئەوتۆ نەبوو لەنێوان گرتوخانەکانی پارتی و یەکێتیدا.جیاوازیەکی دیار ئەو بوو کە ئاسایشی هەولێری پارتی گەورەو تازە دروستکراوبوو بە نۆ ژوری گەورەوە کە 28 بۆ 30 دستگیرکراوی لەخۆگرتبوو.بە بەراورد لەگەڵ ئەوشوێنانەی دیکەی کە سەردانکران,ئەم شوێنە فراوان و پاک بوو لەگەڵ حەوشەیەکی مەزن و ڕوناکی سروشتی.

131.لەکاتی سەردانەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بۆ ئاسایشی هەولێر لەمانگی نیسان و مایسی 2006 دا,گەورەترین ژور نزیکەی 65 زیندانیی تێدا بوو کە لەئاسایشی گشتیەوە هێنابونیان بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵخی لەوێ.

132.ژمارەیە لەدەستگیرکراوان بە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە ئەوە جۆرێکە لەسزادان لەلایەن بەرپرسانی گرتوخانەوە لەدژیان,کە وای لەزیندانیان کردبوو لە شەبەح بچن.لەبەرئەوەی لە تیشکی خۆر دابرابون,زیندانیان بەخۆیانیان دەوت "شەمشەمە کوێرە".

133.چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت ئەرگوشی,هەولێر.13 ی ئاب 2006.

134. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عەقید خالید ڕۆژبەیانی,هەولێر.14یئاب 2006.

Ibid.135

136. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەیفەدین عەلی,هەولێر.5ی مایس .2006

137. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەیفەدین عەلی,هەولێر.21 ی ئۆکتۆبەر 2006.

Ibid.138

139. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت ئەرگوشی,هەولێر.13 ی ئاب 2006.

140. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەیفەدین عەلی,هەولێر.5ی مایس .2006

141.چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ زیندانی "فۆئاد" لەئاسایشی هەولێر,هەولێر.29 ی نیسان 2006.

142. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی کەوت بە زیندانیان "کەریم" و "خالید" لەئاسایشی هەولێر.هەولێر 29ی نیسان 2006.ژمارەیەک زیندانی ژمارە تەلەفۆنی کەسوکارو

راوێژکاری یاساییان دایه ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و داداوی ئەوەیانکرد کە ڕێکخراوەکە پەیوەندیان پێوە بکات و لەشوێن و مەکانیان ئاگادرایان بکاتەوە.

143. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ زیندانی "نەبیل" لەئاسایشی هەولێر,هەولێر.30ی نیسان 2006.

144. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ زیندانی "عیسام" لەئاسایشی سلێمانی. 5ی مایس 2006.

145. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ زیندانی "ناسر" لەئاسایشی هەولێر,هەولێر.30 نیسان 2006.

146. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ تێبینی کرد کە هەندێ بەرپرسی کورد لایەنگریان دەکرد لەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیارێک دەربکات بۆ بەکارنەهێنانی یاسای دژە تیرۆر بۆ ماوەی پێش خۆی.یاساکە لەمانگی تەموزدا کەوتەکار بەبێ تێبینیەکی لەوجۆرە.لەهەمووحاڵەتێکدا,بڕیارێکی لەوجۆرە پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکرد بەتایبەتی مادەی 15 (1)کە تاوانبارکردنی گومانلێکراو قەدەغەدەکات بۆ کردارێک کەلەوکاتەدا بەتاوان لەقەڵەم نەدراوە.

147. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ کەریم سنجاری,وەزیری ناوخۆی پارتی,هەولێر.23 نیسان 2006.

148.وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری یاسایی,ئازاد مەلا کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ چاوی پێی کەوت لەکاتی گەشتەکەیدا لەنیسانی 2006 لەهەولێر ئەمەی پشتڕاستکردەوە.ڕێکخراوەکەمان هەڵی ئەوەی نەبوو سەیری ڕەشنوسی یاساکە بکات.

149. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ فاروق جەمیل,وەزیری داد,سلێمانی.8 ئاب 2006.

150. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ مەسعود بارزانی,سەری ڕەش.10 مایس 2006.

Ibid.151

152. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ عیسمەت ئەرگوشی,هەولێر.11 مایس 2006.

153. چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەیفەدین عەلی,ئاسایشی گشتی سلێمانی.5 مایس 2006.